گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئامادەنەبوونی باوان و کاریگەری لەسەر لادانی مێردمنداڵ

## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان لە شاری هەولێر)

**م.ی. کامران جوهر عبدالله**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Kameran.abdullah@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٥/٤
پەسەندکردن:٢٠٢١/٦/١٦
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**
*Parents, Absence, Juvenile, Family, Delinquency*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.3.07

## پوختە

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی کاریگەری ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان بەهۆی ( مردن، کۆچکردن، نەخۆشی درێژخایەن، بەندکردن, لێك جیابوونەوە (تەڵاق)) لەسەر لادانی مێردمنداڵ.

توێژەر لەم توێژیەوەیەدا ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتی و میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان لەشاری هەولێر, ئەو مێردمنداڵانە دەگرێتەوە کە لەڕەگەزی نێرن و بڕیار لەسەردراون لەم بەڕێوەبەرایەتییە. ئەو ئامرازانەی کە توێژەر بەکاری هێناوە لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە فۆڕمی ڕاپرسی لەڕێگەی چاوپێکەوتنەوە. بۆ خستنەڕو و شیکرنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکە کەرەستە ئامارییەکانی وەك (ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێریاری، دابەشکردنی دووبارەی دووانە (Crosstab)) بەکارهاتووە، بە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری (SPSS).

**لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە بریتیین لە:** ئاستی کۆچکردنی باوك و دایکی مێردمنداڵ لادەرەکان بۆ دەرەوەی ووڵات وەك شێوەیەك لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان بە ڕێژەی 44%ە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە ڕێژەی 36%ی باوك یان دایکی مێردمنداڵە لادەرەکان یان هەردووکیان نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە. ئاستی مردنی باوك یان دایکی مێردمنداڵە لادەرەکان یان هەردووکیان بە ڕێژەی 32%ە. بە ڕێژەی 16% باوکی مێردمنداڵە لادەرەکان بەندکراون. بە ڕێژەی 8%ی مێردمنداڵە لادەرەکان دایك و باوکیان لێك جیابوونەوە، هەروەها بەرزترین ئاست لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان، بە پلەی یەکەم بریتییە لە ئامادەنەبوونی باوان بەهۆی کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات. بە پلەی دووەم بریتییە لە ئامادەنەبوونی باوان بەهۆی نەخۆشی درێژخایەن. هەروەها ئامادەنەبوونی باوان بەهۆی مردن بە پلەی سێیەم دێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان جۆری لادانیان دزیکردن و ماددەی هۆشبەر بووە، هەروەها نیشتەجێی گەڕەکە میللییەکانن و هۆکاری لادانیان دەگەڕێتەوە بۆ هاوڕێی خراپ، لەو ڕێژەیەش بەشی هەرە زۆریان نەخوێندەوارن یان دواکەوتوونە لە خوێندن و کاریانکردووە، هەروەها تێکەڵاوی و پەیوەندیان لەگەڵ هاوڕێی خراپ کردووە و بەپێی پێویست چاودێرییەکی باش نەکراون لەلایەن باوانەوە بەهۆی ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیکان لەناو خێزان ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر لادانی مێردنداڵ.

## پێشەکی:

لادانی مێردمنداڵ یەکێکە لەو دیاردانەی کە کۆمەڵگە هەرلەزووەوە بیری لێکردۆتەوەو هەڵوێستی بەرامبەری وەرگرتووە لەڕێگەی دەستنیشانکردن و دیاریکردنی هۆکارەکان، هەروەها بۆ چارەسەرکردنیشی ڕێگەی جۆراوجۆری پەیڕەوکردووە لە بەرەنگاربونەوەی ئەو ڕەفتارە نەشیاوانەی کەزیان بەتاك و کۆمەڵگە دەگەیەنێت. لادانی مێردمنداڵ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لەناو هەموو کۆمەڵگەکاندا هەستی پێدەکرێ, هۆکارەکانی جۆراوجۆرن بەپێی جیاوازی کۆمەڵگەکان, ئەوهۆکارانە کارگەریان هەیە لەسەر ئاڕاستە و هێز و پلە و جۆری لادانەکە.

خێزان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە سەلامەتی یاخود لادانی مێردمنداڵ. جگەلەوەش نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە بارودۆخی خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەرئەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خێزان و تواناکانی بۆ پەروەردەکردنی نەوەکان و پاراستنیان و سەرپەرشتی کردنیان بۆ داهاتوویەکی باشتر. ئەگەر هاتوو خێزانێکی تەندروست بوو ئەوا لەتوانایدا هەیە بۆ پێگەیاندنی نەوەکان و چاودێریکردنیان و پەروەردەکردنیان, بەڵام خێزانێکی لێکترازاو بەهۆی ئامادەنەبوونی دایك و باوك یان یەکێکیان بەهەر هۆکارێك بێت دەکرێ ببێتەهۆی بێ توانایی و لاوازی لە پێگەیاندن و چاودێریکردن و پەروەردەکردنی نەوەکان ئەمەش دەبێتە هۆی لادانی نەوەکان بەتایبەتی مێردمنداڵان, مێردمنداڵی لادەریش لەداهاتوودا دەبێت بە ترسناکترین گرفتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا. هەروەها بۆ چارەسەرکردنیشی پێویستی بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتییە بە ئامانجی دیاریکردنی ڕەهەندە نەرێنییەکانی نێو خێزان لەهەمانکاتدا ئاشکراکردن و زانینی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی لاسەنگ کردنی بارودۆخی خێزان, بۆ ئەم مەبەستە ڕێگەچارەی جیاواز گیراوەتەبەر بەپێی جیاوازی تێگەیشتن و زانین لە هەر کۆمەڵگە و قۆناغێکی مێژوویی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی واتە بە لەبەرچاوگرتنی کات و شوێن, دەکرێ بڵێین لادانی مێردمنداڵ لەهەر قۆناغ و سەردەمێکدا دەرهاوێشتەی ئەو هەلومەرج و بارودۆخەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگە تێیدا گوزەردەکەن, چونکە هیچ ڕەفتارێکی مرۆڤ لەخۆوە ڕوونادات, بەڵکو کاردانەوەی هەل و مەرجێك یان ڕەفتارێك یان بارودۆخێکە, دەکرێ بەشێوەیەکی زانستیانە بەپێی هۆکارەکانی تووشبوون لێك بدرێتەوە بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ڕەهەندەکانی خێزان چارەسەری گونجاو بدۆزرێتەوە بۆ بنەبڕکردنی یان لایەنی کەم کەمکردنەوەی. لەئێستادا ئەم دیاردەیە کە هەڵبەتە وەکو گرفتێك هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە و مەترسی خستۆتە سەر کۆمەڵگە. خستنەڕووی ئەم بابەتەش هەوڵێکە بۆ دەست نیشانکردنی شێوازەکانی ئامادەنەبوونی باوان لەناو خێزان و لادانی مێردمنداڵ و هەوڵێکیشە بۆ دەرخستنی ئەو دەرئەنجامانەی کەلێی ئەکەوێتەوە.

## تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

## بەشی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و پێناسەی چەمکەکان :

### باسی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە :-

**1. گرفتی توێژینەوەکە :**

گرفتی توێژینەوە بریتییە لە پرسیارێك لەهزری توێژەردا دروست دەبێ, لەچوارچێوەی بابەتی توێژینەوەکەی. گرفتی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە ئایا ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان بەهۆی (مردن، کۆچکردن، نەخۆشی درێژخایەن، بەندکردن، لێك جیابوونەوە (تەڵاق)) کاریگەری هەیە لەسەر لادانی مێردمنداڵ؟.

## 2. گرنگییەکانی توێژینەوەکە :

1- گرنگی لایەنی تیۆری: لەڕووی زانستییەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ و بەردەست بۆ خوێنەران و توێژەران و پسپۆڕان و هەموو ئەوانەی کە ئەیانەوێت زانیاری وەربگرن لەسەر گرفتی لادانی مێردمنداڵ, هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگیش بۆ بەڕێوەبەرایەتی و دەزگا چاکسازی و کۆمەڵایەتییەکان و سەنتەر و ڕێکخراوەکانی گەشەپێدانی مرۆیی.

2- گرنگی لایەنی پڕاکتیکی: گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەم لایەنەش لەوەدایە کە هەوڵێکە بۆ دانانی سنورێك لەبەردەم لادانی مێردمنداڵ، ئەویش لەڕێگەی بەدەمەوەهاتنی کێشەو گرفتەکانی ئامادەنەبوونی باوان لەناو خێزان و کەمکردنەوەی هێزی فشاری ئەو فاکتەرانەی کە دەکەوێتە سەر یەکەی خێزان بۆ ڕێگرتن لە لادانی مێردمنداڵ.

## 3. ئامانجەکانی توێژینەوەکە :

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی کاریگەری ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان بەهۆی ( مردن، کۆچکردن، نەخۆشی درێژخایەن، بەندکردن, لێك جیابوونەوە (تەڵاق)) لەسەر لادانی مێردمنداڵ. ئەو ئامانجە سەرەکییەش چەند ڕەهەندێکیتری کردۆتە ئامانجی توێژینەوەکە بریتین لە :

1- زانینی ئاستی هەر شێوەیەك لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان.

2- زانینی بەرزترین ئاست لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان لەناو خێزانی مێردمنداڵە لادەرەکان.

3- شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان بەشێك لە زانیارییەکانی تایبەت بە مێردمنداڵە لادەرەکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی خێزانەکانیان بۆ زانینی کاریگەری ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان لەسەر لادانی مێردمنداڵ.

### 4. هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە :

1- هەستکردنی توێژەر بە مەترسی زۆربوونی لادانی مێردمنداڵان لە هەرێمی کوردستان.
2- ئاشناکردنی باوکان و دایکان بە مەترسییەکانی ئامادەنەبوونیان لەناو خێزان لە هەرێمی کوردستان.
3- پێویستی کۆمەڵگە بۆ زانینی هۆکارەکانی لادانی مێردمنداڵان، چارەسەری گونجاو و پێویست بۆ گرفتی لادانی مێردمنداڵان و بەدیهێنانی داواکارییەکانی کۆمەڵگە لەم بوارەدا بەگشتی.

## باسی دووەم : پێناسەی چەمکەکان

### 1. ئامادەنەبوونی باوان (Absence of Parents)

ئامادە نەبوونی باوان واتا ئامادە نەبوونی سەرپەرشتیار و لەدەستدانی بەخێوکەر کە رێگەیەکە بۆ لەدەستدانی ئەزموونەکانی پێویستی لە ژیان لەناو کۆمەڵگە و لەدەستدانی نموونەی ڕەفتار و پێشەنگیکردن لە فێرکردنی ڕەفتارەکان. هەروەها ئامادەنەبوونی یەکێك لەباوان ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر گونجاوی نەوەکان لە ژینگە و ڕەنگدانەوەی لەسەر تواناکانی لە چارەسەرکردنی گرفتەکان (جبريل، 1986، صفحة 168). یاخود بریتییە لە لەدەستدانی یەکێك لەباوانی منداڵ کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لەسەر کەسایەتی و ڕەفتارەکانی و بیرکردنەوەکانی و گەشەکردنی توانای تێگەیشتن و بیرکردنەوە و توانا عەقڵییەکانی (زاهران، 1998، صفحة 355).

ئامادەنەبوونی باوان بریتییە لە نەبوونی سەرپەرشتیار و بەخێوکەر لە دایك یان باوك یان هەردووکیان لەناو خێزان بەهۆی( مردن، کۆچکردن، نەخۆشی درێژخایەن، بەندکردن, لێك جیابوونەوە (تەڵاق)) کە سەرچاوەی سەرەکی دەستکەوتنی پێویستییە سەرەکییەکانی ژیانی مێردمنداڵە، لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتارەکان و پێشەنگیکردنی لە فێرکردنی ئەزموونەکانی ژیان، ئەمەش هۆی گەشەنەکردنی توانای تێگەیشتن و نەبوونی توانای چارەسەرکردنی گرفتەکانی و هەستکردنی بە لە دەستدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و هاندانی و تووشبوونی بە گرژی و دەمارگیری و دڵەڕاوکێی بەردەوام ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەفتاری مێردمنداڵ دەبێتە هۆی لادانی.

### 2. خێزان (Family)

زانای بواری کۆمەڵناسی "ئوگست کۆنت – auguste comte" (1857_1798) وا پێناسەی خێزان دەکات دەڵێت بریتییە لە خانەی یەکەم لە جەستەی کۆمەڵگە کە خاڵی دەسپێکی پێشکەوتنە (الشناوي

و الاخرون، 2001، صفحة 206). بەواتایەکیتر خێزان بریتییە لە کۆمەڵە تاکێك کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی خزمایەتی بەیەکییانەوە دەبەستێتەوە، هەروەها ئەندامە پێگەیشتووەکانی بەرپرسیارێتیی پەروەردەکردنی منداڵەکان لەخۆدەگرن (القصير و أحمد، ٢٠٠٢، صفحة ١٢). کۆمەڵناسی ئەمریکی "چرلز هوتن کولی" (1864 – 1929) خێزان بە یەکەمین و ئایدیالیترین نموونە دەزانێ بۆ گروپە سەرەتاییەکان، گروپێك کە ئەرکی پاراستن و پارێزگاریکردنی مرۆڤە و بەدیهێنەری جوانترین هەستی ناسراوی مرۆڤایەتییە (عبدالواحد، 2008، صفحة 46). کۆمەڵناسیی فەرەنسی "پیر بۆردیۆ - P. Bourdieu" (1930-2002) پێناسەی خێزانی کردووە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەڵێت: خێزان بریتییە لە کۆمەڵە تاکێکی بەیەکەوە بەستراو لەڕووی زۆرترین تایبەتمەندی خزمایەتی، کە لەژێر بنمیچێکدا دەژین (سجيدة، 2012-2013، صفحة 51).

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە کە بۆ خێزان کراوە دەکرێ بەم شێوەیە پێناسەی خێزان بکەین بریتییە لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی بەیەکەوەبەستراو لەڕووی پەیوەندی هاوسەرگیری, خوێنی, ڕوحی, کەتێیدا تاکەکان لەدایك دەبن و گەشەدەکەن و پێدەگەن وە فێری داب و نەریت و بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەبن لەهەر بارودۆخێکدا ئەگەری ئەوەشی لێ دەکرێت باوك و دایك یان یەکێکیان ئامادەنەبن لەناو خێزان بەهۆکاری (مردن, کۆچکردن, نەخۆشی درێژخایەن, تەڵاق, لیکترازانی خێزان, بەندکردن ), ئەمەش ڕەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر ڕەفتاری مێردمنداڵ دەبێتە هۆی لادانی.

### 3. مێردمنداڵ (Juvenile)

چەمکی مێردمنداڵ پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە, مێردمنداڵ بچووکێکە هێشتا تەواو پێنەگەیشتووە، مێردمنداڵ ئەو کەسەیە کەتەمەنی لەسەرووی حەوت ساڵانە و نەگەیشتۆتە پانزدە ساڵ (شهاب، 1982، صفحة 986). زانایانی دەروونی وکۆمەڵایەتی بەم شێوەیە پێناسە مێردمنداڵیان کردووە, کە بریتییە لە مرۆڤێکی بچووك لەکاتی لەدایك بوونییەوە تاکو پێگەیشتنی لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی (عمر ع.، 2002، صفحة 46). زانایانی بواری کۆمەڵایەتی مێردمنداڵ بەم شێوەیە دەناسێنن کە هەموو ئەو کوڕانە دەگرێتەوە کەبالغ نەبووینە, بەڵام هەڵسوکەوتیان بەگەوران ئەچێت کەتەمەنیان لەنێوان حەوت تا شانزدە ساڵیدایە لەکاتی ئەنجامدانی هەر تاوانێك یاخود ئامادەبوونیان لە هەر بارودۆخێکی تاوانی توشی لادان دەبن (شافى, محمد مبارك أل، 2006، صفحة

8). مێرمنداڵ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە بچووکێك لەکاتی لەدایکبوونییەوە تاکو ئەو کاتەی دەگاتە پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و کامل بوون و پێگەیشتنی ڕەگەزەکانی هۆشیاری (دليمي، 2009-2010، صفحة 19). بەواتایەکیتر لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بریتییە لەو منداڵەی کە لەڕووی ژیری و کەسایەتییەوە پێنەگەیشتووە بەتەواوی، (حميمد، 2010-2011، صفحة 13). مێردمنداڵ لەڕووی یاساییەوە ئەوکەسەیە کە تەمەنی لە هەژدەساڵ تێنەپەڕیوە لەکاتی ئەنجامدانی هەر تاوانێك یان ئامادەبوونی لە هەر بارودۆخێکی تاوانی تووشی لادان دەبێت ئەمەش مەترسییەکی کۆمەڵایەتییە بۆ لەسەر منداڵ (فهمى، 2007، صفحة 283).

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە گەیشتووین بەم پێناسەیە کە گونجاوە لەگەڵ توێژینەوەکە, ئەویش ئەوەیە کە مێردمنداڵ ڕەگەزی نێر دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە یانزدەساڵ کەمترنییە و لە هەژدەساڵیش زیاتر نییە, لەکاتی هەڵسانیان بە ئەنجامدانی تاوانێك یان ڕەفتارێکی تاوانی یاخود بەشداربوون لە بارودۆخێکی تاوانی بەلادان دادەنرێت لەژێر کاریگەری ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان.

### 4. لادان (Delinquency)*

لادان بریتییە لە ڕەفتارێك لەڕووی یاساییەوە تابۆکراوە و سزاشی بۆ داناوە، هەروەها دەستەڵاتی دەوڵەتیش لەڕێگەی ئەو ڕێوشوێنانەی کە یاسا دانەر دایناوە سزاکە جێبەجێ دەکات (سەمیرە، ٢٠٠٧، صفحة 177). "ئەنتۆنی گیدنز" لە کتێبەکەیدا وا پێناسەی لادان دەکات و دەڵێت: ناهاودەنگ بوون بەرامبەر بنەمای یاسایی یان کۆمەڵە بنەمایەکی یاسایی دیاریکراو پێیدەوترێت لادان، کە لەلایەن کۆمەڵگەیەکەوە پەسندکراوە (گیدنز ئ.، 2009، صفحة 174). لادان ئەنجامدانی کارێکە یان ڕەفتارێکە لەدەرەوەی یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە (شافى, محمد مبارك أل, 2006, صفحة 8). لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زانایان بەم شێوەیە مانای چەمکی لادان ڕوون دەکەنەوە, کە بریتییە لە کۆمەڵە ڕەفتارێکی تاکی یان دەستە جەمعی، کە لەگەڵ نۆرم و چاوەڕوانییەکان و بەها باوەکان یان

* لادان لەڕووی زمان ئارەزووییەکە وە ئەگەر هاتوو مرۆڤ ئارەزووی لەشتێك کرد پێیدەوترێت : (تحرف وانحرف واحرورف) وە هەرسێکیشیان بەمانای لادان دێت. راجع الى د. عدنان ياسين مصطفى و اخرون, السلوك المنحرف واليات الرد المجتمعى , سلسله المائده الحره /31, بيت الحكمه, بغداد, 1998, ص101.

پەسندکراوەکانی کۆمەڵە خەڵکێك دا ناگونجێت (موحسنی، ٢٠٠٦، صفحة 369). لەپێناسەیەکبتردا دەڵێت: کارێکە کە زیان بە بەرژەوەندی کۆمەڵ و کۆمەڵگە دەگەیەنێت وە هەڕەشە لەپێکهاتەی کۆمەڵگە دەکات و زیان بە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت (عبید و جودت، 2001، صفحة 177).

گەیشتووین بەم پێناسەیە بۆ لادان لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە, لادان بریتییە لە کردنی کارێك یان ڕەفتارێك کە دژی داب و نەریت و یاسا و ڕێسا و بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانە، بەهۆی ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان. یاساش بەلادانی داناوە و سزاشی بۆ داناوە بە دەستبەسەر کردنی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە یاسا دەستنیشانی کردووە.

## بەشی دووەم : توێژینەوەکانی پێشووتر و تاووتوێکردنی :

### باسی یەکەم: توێژینەوەکانی پێشووتر:-

**1. توێژینەوە عێراقییەکان :**

**1.** توێژینەوەی (السید جعفر الیاسین و د.سعید جاسم الاسدی) بەناونیشانی ((السرقه عند الاحداث)) (الیاسین و الاسدی، 1990) .

ئەم توێژینەوەیە لەساڵی 1987 ئەنجامدراوە , لە(16) پارێزگای عێرق, پشتی بە ڕێبازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەستووە وە ئامانجی توێژینەوەکەشی بریتییە لە زانینی قەبارە و هۆکاری دزی و زانینی هەندێك زانیاری سەرەکی پەیوەندیدار بە لادانی مێردمنداڵ و کاری بەراوردکاری لەنێوان ئەنجامی توێژینەوەکە و ئەو توێژنەوانەی کە پێشووتر کراون لەبارەی لادانی مێردمنداڵ. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش ئەو مێردمنداڵە لادەرانەن کە هەڵساون بە ئەنجامدانی تاوانی دزی لە قوتابخانەی (تأهیل الفتیان) و قوتابخانەی (تأهیل الصبیان) وە (الشباب المراهق), نموونەی لێکۆڵینەوەکەشی (370) مێردمنداڵی لادەری دەستبەسەرکراوە بەهۆی تاوانی دزی. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و گرتنەبەری هەندێك ڕێوشوێنی تر وەك (کەیسی مێردمنداڵ و زانیاری توێژەر و بەشی یاسایی پەیوەندی دار بە دەستبەسەرکردنی مێردمنداڵ) ئامرازی ئاماری بەکارهاتوو ڕێژەی سەدی و ناوەندە ژمارەیی . لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتووە ئەوەیە

کە زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان لە خێزانێکی لێکترازاو دادەژین بەهۆی(مردنی باوك, مردنی دایك, مردنی هەردوکیان, لێك جیابوونەوە, کۆچکردن, فرەژنی, بەندکردنی باوك).

**2.** توێژینەوەی (د. احسان محمد الحسن) بەناونیشانی ((دور الاسره فی السلوك الاجرامی عند الاحداپ)) (الحسن، علم الاجرام - دراسة تحليلية حول التفسير الاجتماعی للجريمة، 1991) .

ئەم توێژینەوەیە لەساڵی (1991) لە عێراق ئەنجامدراوە. ئەم توێژینەوەیە لە قوتابخانەی چاکسازی مێردمنداڵە لادراوەکان وە لە دادگای مێردمنداڵە لادەرەکان لە بەغدا ئەنجامدراوە, ئەم توێژینەوەیە سێ ڕێبازی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و دابەشکردن و شیکردنەوەیان, ئەوانیش ڕێبازی ڕوپێوی مەیدانی (Field Survey Method) و ڕێبازی تێبینیکردن (Observation Method) و ڕێبازی توێژینەوەی کتێب (Library Method), مەبەست لە بەکارهێنانی ڕێبازی ڕوپێوی مەیدانی ئەوەیە کە یارمەتی دەرە لەکاتی ئامادەنەبوونی زانیارییە ئامارییە وردەکان بۆ کەشفکردنی ڕاستی شێوەکانی لێکترازانی خێزان و شێوەکانی لادانی مێردمنداڵ و وە ئەو پەیوەندیەی لەنێوان لێکترازانی خێزان و لادانی مێردمنداڵ دا هەیە. لەڕێبازی ڕوپێوی مەیدانی نموونەی هەڕەمەکی بەکارهێناوە کە پێکهاتووە لە(160) مێردمنداڵی لادراو کە دیاریکراوون لە قوتابخانەی چاکسازی مێردمنداڵە لادراوەکان وە لە دادگای مێردمنداڵە لادەرەکان لە بەغدا. لەدوای دیاریکردنی قەبارەی نموونەکە هەڵساون بەڕێکخستنی فۆڕمی ڕاپرسی کە کۆمەڵێك پرسیار لەخۆدەگرێت. ئەنجامی توێژینەوەکەش ئەوەیە کە هۆکاری لێکترازانی خێزان لە هۆکارە مەترسیدارەکان و هۆکارە سەرەکیەکانە بۆ ڕوودانی تاوانی مێردمنداڵ لەکۆمەڵگە دا، کە هەڵساون بە ئەنجامدانی لادان و تاوانی جیاواز. چەشنەکانی لێکترازانی خێزانیش وەك لێك جیابوونەوەو لێك دوورکەوتنەوە و کۆچکردن و لەدەستدانی یەکێك لەباوان یان هەردووکیان بەهۆی بەندکردن و مردن و نەخۆشی.

**2. توێژینەوە عەرەبییەکان:**

1- توێژینەوەی (ابتسام عبدالقادر استنبولی) بەناونیشانی ((تأثير المشكلات الاجتماعيه و الاقتصاديه فی التوازن الاسری)) (استنبولی، 1995) .

ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی (1995) لە سعودیە ئەنجامدراوە. لە کۆمەڵەکانی خێرخوازی ئافرەتان (بوژانەوە_وەفا) لەشاری ریاز, ئامانجی توێژینەوەکەی زانینی شێوازەکانی گرفتە کۆمەڵایەتی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئابووریەکان و ئاستی نەخۆشییەکانی کە خێزان پێوەی دەناڵێنێت وە کاریگەری لەسەر هاوسەنگی خێزان. لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە, ڕێبازی توێژینەوە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی لەڕێگای وەرگرتنی نموونە, ڕێبازی توێژینەوەی بار (الحالە). ئەو ئامرازانەی کە بۆکۆکردنەوەی زانیاری بەکاری هێناوە فۆڕمی ڕاپرسی بۆ ئەو خێزانانەی کە سودمەندن لە کۆمەڵەکانی خێرخوازی ئافرەتان لە شاری (ریاض), چاوپێکەوتن بۆ جێبەجێکردنی ڕێبازی توێژینەوەی بار, بەڵگەنامە و تۆمارە ڕەسمییەکان. لەگرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشتووە: خێزان ڕووبەڕووی چەندەها گرفتی جیاواز دەبێتەوە وەکو لێك جیابوونەوە, بەندکردن و کۆچکردنی یەك لەئەندامانی خێزان, لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە ئەو خێزانانەی کە گرفتتی ئامادەنەبوونی باوکیان هەیە دەناڵێنن بەدەست ناهاوسەنگی خێزان کە هۆکارێکە بۆ لادانی مێردمنداڵ.

2- وێژینەوەی (د.مصطفی محمود الحوامدة) بەناونیشانی (جرائم الاحداث: اسبابها و علاقتها ببعض المتغیرات الشخصیة و الاسریة للحدث - دراسة میدانیة علی احداث الاردن) (الحوامدة، 1998).

ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی (1997) لە ئوردن ئەنجامدراوە. ئامانجی توێژینەوە بریتییە لە زانینی پەیوەندی نێوان جۆری تاوان و هەندێك گۆڕاوی کەسایەتی و خێزانی مێردمنداڵی لادەرە. کۆمەڵگەی توێژینەوە هەموو مێردمنداڵە لادەرەکانی ناوەندی چاکسازییە لە (المملکە الاردنیە الهاشمیە)، کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان لەسەر (327) نموونە لە مێردمنداڵی لادەر کە تەمەنیان لەنێوان (12-18) ساڵیدایە، کە بریتیبوو لە (21) کچ و ئەوانیتر کوڕ. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بریتیبوون لە چاوپێکەوتن و فۆڕمی ڕاپرسی. ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان (کا دووجا، (معامل التوافق_Contingency Coefficient )، ڕێژەی سەدی). لەگرنگترین ئەنجامەکان، تاوانی دزیکردن لە زۆرترین تاوانەکان بوو کە مێردمنداڵانی لادەر پێی هەڵساون، دواتر تاوانی جنسی بە پلەی دووەم، تاوانی کوشتن بەپلەی سێیەم دێت. هەروەها دەرکەوتووە پەیوەندی لەنێوان لادان و تاوان لەگەڵ هۆکاری خێزانی لەوانە لێك جیابوونەوە هەیە.

3- توێژینەوەی (مصطفی فرماوی و الآخرون) بەناونیشانی (( دراسه تقویمیه للخدمات المقدمه فی مجال رعایه الاحداث المنحرفین)) (فرماوی و الاخرون، 1999) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم توێژینەوەیە لەساڵی (1999) لە کۆمەڵگەی قەتەری ئەنجامدراوە. پشتی بەستووە بە ڕێبازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتی, ئامانجی توێژینەوەکەی زانینی تایبەتمەندی بارودۆخی خێزان و پەیوەندی بەلادانی مێردمنداڵ, نموونەی توێژینەوەکەشی بریتییە لەسی چین لەوانە (مێردمنداڵە دەست بەسەرکراوەکان, مێردمنداڵی ئازاد, فەرمانبەرانی بواری چاودێری مێردمنداڵان). توێژینەوەکە بەو دەرئەنجامانە گەیشتووە, 76% هۆکاری لادانیان گەڕاندۆتەوە بۆ نەبوونی چاودێری خێزان, مردنی باوك, یەکێکی تر لە هۆکارەکانی لادانی مێردمنداڵ نادروستی پرۆسەی پێگەیاندنی منداڵە بەهۆی جیاوازی ئاستی رۆشنبیری باوان و کەم و کوڕی چاودێری خێزان.

4- توێژینەوەی (د. سمیة حومر الحمید دلیمی) بەناونیشانی(الخریطة الاجتماعیة لجنوح الاحداث- دراسة میدانیة بمراكز اعادة تربیة الاحداث الجانحین قسنطینة, عین ملیلة، عنابة، ورقلة) (دليمي، الخریطة الاجتماعیة لجنوح الاحداث - دراسة میدانیة بمراكز اعادة تربیة الاحداث الجانحین قسنطینة ، عین ملیلة ، عنابة ، ورقلة، 2009-2010).

ئەم توێژینەوەیە لە (2009) لە جەزائیر ئەنجامدراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی هۆکارە ژینگەییەکانی پەیوەندیدار بە لادانی مێردمنداڵان لەوانە هۆکارەکانی ( ئابووری، شوێنی، خێزانی)، هەروەها زانینی نەخشەی کۆمەڵایەتی لادانی مێردمنداڵ و هەڵوەستەکردن لەسەر گرنگترین لایەنەکانی پەیوەست بە گرنگینەدانی مێردمنداڵ و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە. میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە میتۆدی وەسفی شیکاری و بەراوردکاری. کۆمەڵگەی توێژینەوە هەموو ناوەندەکانی تایبەت بە دووبارە پەروەردەکردنەوەی کچان و کوڕان لە ناوەندەکانی (قسنطینة- عین ملیلة- عنابة- ورقلة). کۆمەڵگەی توێژینەوە بەهۆی ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی ڕەسەن ژمارەیان کەم بووە پشت بەستراوە بە چوار ناوەند و نموونەی توێژینەوەکەش ڕووپێوی گشتی بووە، کە بریتییبووە لە (67) مێردمنداڵی لادەر. ئامرازە بەکارهاتووەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری (چاوپێکەوتن و تێبینی و فۆڕمی ڕاپرسی). لەگرنگترین ئەنجامەکانیش: دەرکەوتووە بەرێژەی 90%ی لادەران ئاواتەخوازبوونە بە بوونی خێزانێکی بێ کێشە، هەروەها لەدەستدانی باوان یان یەکێکیان بە هۆکاری لادان دادەنێن. هەوەها لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە بەڕێژەی 66%ی مێردمنداڵە لادەرەکان لە خێزانێکی لێکترازاودا دەژین بەهۆی جیابوونەوەی باوانیان.

**باسی دووەم : تاووتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر:**

لە توێژینەوەکەی (الیاسین و الاسدی) دەستپێدەکەین بۆ تاووتوێکردنی توێژینەوەکان، کە تیشکیان خستۆتە سەر قەبارە و هۆکاری دزیکردن لەلایەن مێردمنداڵ، ئەوەش خاڵی هاوبەشە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە لەبارەی زانینی کاریگەری ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان بەهۆی (مردن، کۆچکردن، نەخۆشی درێژخایەن، بەندکردن، لێك جیابوونەوە(تەلاق)) لەسەر لادانی مێردمنداڵ. ئەو ئەنجامەی کە پێیگەیشتووە ئەوەیە کە زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان لە خێزانێکی لێکترازاودا دەژین بەهۆی ئامادەنەبوونی باوانیان بە هۆکاری(مردن، لێك جیابوونەوە، کۆچکردن، بەندکردن، فرەژنی). هەروەها توێژینەوەکەی (الحسن) بۆ کەشفکردنی شێوەکانی لێکترازانی خێزان و پەیوەندی بە شێوەکانی لادانی مێردمنداڵ، دەرکەوتووە لێکترازانی خێزان لە هۆکارە مەترسیدارەکانە بۆ ڕوودانی تاوانی مێردمنداڵ، هەروەها شێوەکانی لێکترازانی خێزان وەك (لێك جیابوونەوە، کۆچکردن، لەدەستدانی یەکێك لەباوان یان هەردووکیان بەهۆی مردن، بەندکردن، نەخۆشی درێژخایەن)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بەشێکی هۆکاری لادانی مێردمنداڵەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەنەبوونی باوان لەناو خێزان، ئەو ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (الیاسین و الاسدی)یە. هەروەها توێژینەوەکەی (استنبولی) بۆ زانینی شێوازەکانی گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان ئاستی نەخۆشییەکانی خێزان کە پێوەی دەناڵێنن و کاریگەری لەسەر هاوسەنگی خێزان، ئەمەش نزیکە لە توێژینەوەی بەردەست. گرنگترین ئەنجامیش بریتییە لەوەی خێزان ڕووبەڕووی چەندەها گرفتی جیاواز بۆتەوە بەهۆی (لێك جیابوونەوە، بەندکردن، کۆچکردن)، هەروەها دەرکەوتووە خێزانەکان گرفتی ئامادەنەبوونی باوکیان هەیە و دەناڵێنن بەدەست ناهاوسەنگی خێزان ئەمەش هۆکارێکە بۆ

لادانی مێردمنداڵ. ئەو ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکانی (الیاسین و الاسدی) و (الحسن)ە.

هەروەها توێژینەوەکەی (الحوامدە) لەبارەی زانینی پەیوەندی نێوان جۆری تاوان و هەندێك گۆڕاوی کەسایەتی و خێزانی مێردمنداڵی لادەر، دەروەکەوتووە تاوانی دزیکردن لە زۆرترین تاوانەکان بووە کە مێردمنداڵە لادەرەکان پێی هەڵساون، دواتر تاوانە جنسییەکان بە پلەی دووەم دێت، تاوانی کوشتنیش بە پلەی سێیەم دێت، هەروەها دەرکەوتووە پەیوەندی هەیە لەنێوان لادان و لێکترازانی خێزان بەهۆی لێك جیابوونەوە. هەروەها توێژینەوەکی (فرماوی و الاخرون) بۆ زانینی تایبەتمەندی بارودۆخی خێزان و پەیوەندی بە لادانی مێردمنداڵ، دەرکەوتووە زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان هۆکاری لادانیان گەڕاندۆتەوە بۆ نەبوونی چاودێری خێزان و مردنی باوك و نادروستی لە پرۆسەی پێگەیاندنی منداڵ بەهۆی جیاوازی ئاستی رۆشنبیری باوان و کەموکوڕی لە چاودێری خێزان. توێژینەوەکەی (دلیمی) لەبارەی شیکردنەوەی هۆکارە ژینگەییەکانی پەیوەندیدار بەلادانی مێردمنداڵ لەوانە هۆکارەکانی (ئابووری، شوێنی، خێزانی)، دەرکەوتووە زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان لەدەستدانی باوان یان یەکێکیان بە هۆکاری لادان دادەنێن، هەروەها دەرکەوتووە مێردمنداڵە لادەرەکان لە خێزانێکی لێکترازاودا دەژین بەهۆی جیابوونەوەی باوانیان. خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەنجامی توێژینەوەکەی (الحوامدە) و (دلیمی) ئەوەیە کە پەیوەندی هەیە لەنێوان لادان و لێکترازانی خێزان بەهۆی لێك جیابوونەوە.

## بەشی سێیەم : ئامادەنەبوونی باوان لەناو خێزان و لادانی مێردمنداڵ

### باسی یەکەم : ژینگەی خێزان

خێزان نموونەیەکی بەرزی کۆمەڵە لەژیاندا بۆ دەستەبەرکردنی حەسانەوە و ئاسایش و خۆشەویستی و هۆگری و پەیوەندی گیانی بەگیانی. خێزان لە گرنگترین دامەزراوەکانە بۆ دروستکردنی تاك، لە لەدایك بوون و پاراستنی بەدرێژایی ژیانی کە ماوەیەکی هەستیارە لە دروستکردن و پێهێنانی کەسایەتی. لەبەرئەوەی خێزان کاریگەری هەیە لەسەر دروستبوونی کەسایەتی منداڵ، (العقیدي، 2008م، صفحة 24). زیاتر لەوەش دەلالەتە لە گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و رۆڵی هەیە لە

دروستبوون و پێگەیاندنی کەسایەتی تاکەکان کاریگەری هەیە لەسەر کەسایەتی مرۆڤ و گرنگیدان بە داهاتووی منداڵ و پارێزگاریکردن لێی بەدرێژایی ژیانی بەتایبەتی تەمەنی منداڵی. تەمەنی منداڵی کاتێکی هەستیارە بۆ دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ. بۆیە خێزان لەو کۆمەڵانەیە کە کاریگەری هەیە لەسەر کەسایەتی منداڵ و دیاریکردنی پێوەرەکانی ڕەفتار، ئەمەش لەپێناو جێگیرکردنی ئەو بنەمایانەی کە خێزان باوەڕی پێیەتی لە کەسایەتی و پاڵپشتیکردنی بەدرێژایی ژیانی. (العمرو، 2006، صفحة 7).

بەبۆچوونی بیرمەندان و لایەنگرانی وەزیفی خێزان پێشەنگە لەو ڕۆڵ و ئەرکە گرنگانەی کە لەئەستۆی گرتوون بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان لە کۆمەڵگە و کە یارمەتیدەرە بۆ مانەوە و بەردەوامی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی. خێزان لەگەڵ دەرکەوتنی پیشەسازی بەرهەم هێناندا ئەو لایەنەی لەدەستدا لە گرنگیدان وەکو یەکەیەکی بەرهەم هێنانی ئابووری، ڕۆڵەکەی گۆڕدرا بۆ جەختکردنەوە لەسەر لایەنی هێنانە دونیای منداڵ و پەروەردەکردنی و چاودێریکردنی و پاراستنی بەرەسەنایەتی کۆمەڵایەتی (غیدنز، 2005، صفحة 259). لەگەڵ ئەوەشدا خێزان بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێك وەزیفەی دیاریکراو و گونجاو لەگەڵ سروشت و بەهای کۆمەڵگە کە (أوجبرن _ Ogburn) ئاماژەی پێداوە (العمرو، 2006، صفحة 7) لەوانە:

1- بەرهەم هێنانی ئابووری و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان.
2- پێدانی پێگەی کۆمەڵایەتی بەتاك.
3- پەروەردەی بچووکەکان.
4- گەشەپێدانی ئاڕاستەی ئایینی بە بچووکەکان.
5- پاراستنی ئەندامەکانی.
6- نوێکردنەوەی چالاکی و خۆشگوزەرانی.

بەبۆچوونی زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی "تالکۆت پارسۆنز" خێزان دوو ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەوانە (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سەرەتایی _ التنشة الاجتماعیة الاولیة) و (دەستەبەرکردنی جێگیری لە کەسایەتی_تحقیق الاستقرار فی الشخصیة). پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سەرەتایی بریتییە لە پرۆسەی فێرکردنی منداڵ بە پێوەرە کولتوورییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا لەدایك بووە و گەشەی کردووە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەر ئەوەیە خێزان نموونەی مەیدانێکی سەرەکییە لە گرنگیدان بە پەرەپێدانی کەسایەتی مرۆڤ. هەروەها ئاماژەدان بە دەستەبەرکردنی جێگیری لە کەسایەتیدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی خێزان ڕۆڵ دەبینێت لە یارمەتیدانی پێگەیشتووەکان لە تاکەکانی خێزان لەڕووی سۆزدارییەوە (غیدنز، 2005، صفحة 259).

**باسی دووەم : ئامادەنەبوونی باوان و لادانی مێردمنداڵ**

خێزان بە گرنگترین دەزگای کۆمەڵایەتی دادەنرێت لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان, زانایانی بواری کۆمەڵناسی گرنگی زۆریان پێداوە, چونکە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی مرۆڤ, هەر لەسەرەتای لەدایك بوونیەوە تاکو مردنی بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت لە بونیادی کۆمەڵگە (سرحان، 2002، صفحة 179), شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان بەهۆی (مردن, کۆچکردن, نەخۆشی درێژخایەن, بەندکردن، لێك جیابوونەوە (تەڵاق)) هۆکاریکە بۆ لێکترازانی خێزان و نەمانی چاودێری پێویست بۆ بارودۆخی ناو خێزان و دواتر لادانی مێردمنداڵ.

**1. مردنی باوان یان یەکێکیان:**

بێگومان مردنی باوك یان دایك, منداڵەکان توشی دڵەڕاکێ دەکات و گیروگرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتیشیان بۆ ساز دەبێت, چونکە لەکاتی هەڵوەشانەوەی پەیوەندییەکانی خێزان _ دوابەدوای ئەوە _ ژیانی منداڵەکانیش دەگۆڕێ دەگاتە حالەتێکی خراپ, ئەمەش لە شێوەی دودڵی و نائارامی و دڵەڕاوکێدا دەردەکەوێ, چووست و چالاکیان سست دەبێت و هەستەکانیان تێنوی سۆز و خۆشەویستی دەبێ, سەرباری پێویستیان بەو کەلوپەلە ماددییانەی کە لەگەڵ گەورەبوونیان زیاد دەکات, بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی دارای یان بەهۆی کەمبوونەوەی (خەلیل، ٢٠٠٧، صفحة 235).

پەیوەندی هەژاری بەلادان و تاوانەوە مەسەلەیەکی کۆنەو (ئەفلاتون و ئەرستۆ) لەم بارەیەوە ڕاو بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە و هەتا ئەمڕۆش جێی بایەخ و گرنگی پێدانی شارەزایانە. بەلای ( ئەفلاتون و ئەرستۆوە) هەژاری بارێکی هەڵچوونی نزم لای تاکەکەس دروست دەکات کە بەرئەنجامی هەستکردنە بە نەبوونی دادپەروەری. ئەم ڕەوشە پاڵ بەکەسەکەوە دەنێت بۆ خراپەکاری بەهەموو شێوەکانییەوە (بۆکانی، ٢٠٠٢، صفحة 79). بۆ پاڵپشتی ئەم بابەتە توێژینەوەیەك لە عیراق ئەنجام درا لەساڵی (1974) لەسەر (60) مێردمنداڵی لادەر لەگەڵ کۆمەڵێکی تر بەراوردکرا لەمێردمنداڵی لانەدراو,

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرکەوتووە ڕێژەی مردنی باوك و دایکی مێردمنداڵە لادەرەکان زیاترە, بەبەراود بە باوك و دایکی مێردمنداڵە لانەدەرەکان (ابراهیم، 1998، صفحة 37). کاتێك خێزان پشت دەبەستێت بەدایك لە ئامادەنەبوونی باوك، کاریگەری دەبێت لەسەر پەروەردەی منداڵ بەتایبەتی ڕەگەزی نێر، ئەوەش لە ئەنجامی بوونی هۆکار و ئاڕاستەی جیاواز و نەبوونی توانای دایك لە کۆنترۆڵکردنی بەڕێوەبردنی خێزان. لەگەڵ ئەوەشدا لەدەستدانی باوان یان یەکێکیان دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ هەست بە دڵە ڕاوکێ و نائارامی بکات (دليمي، 2009-2010، صفحة 74).

ئامادەنەبوونی باوك یان سەرۆکی خێزان بە هەر هۆکارێك بێت بەتایبەتی بەهۆی مردنی باوك یان بەخێوکەری خێزان کەلێنێکی گەورە لەخێزاندا دروست دەکات، ئەمەش پاڵ بە ئەندامەکانیتری خێزاڕەونەوە دەنێت بەتایبەتی ڕەگەزی نێر بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، کە ئەرك و بەرپرسیارێتییان ئەکەوێتە ئەستۆ بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەیان، بەمەش دەکرێ تووشی چەندین ئاستەنگ و مەترسی ببێتەوە تا دەگات بە پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ کەسانی خراپ و هەلپەرست، ئەمەش تووشی لادان و تاوانی دەکات. لەم توێژینەوانەی سەرەوە دەدەکەوێ کە مردنی یەکێك لە باوان یان هەردووکیان کۆمەڵێك کێشە و گرفت بۆ مێردمنداڵان دروست دەکات لەئەنجامی نەبوونی یان کەمی توانا بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێداویستی و داواکاری و ئاڵۆزییەکانی.

## 2. کۆچکردن:

دەرکەوتووە کە ئامادەنەبوونی یەکێك لەباوان ڕەوشێکی ترسناکە و دەبێتە هۆی داڕمانی خێزان لەئەنجامی ئەمەش دەبێتە هۆی داڕمانی پێگەی بنچینەیی لە ژیانی هاوسەرێتی, ئەم ئامادە نەبوونەش لەکاتێك ڕوودەدات کاتێك یەکێك لەخێزانەکە بەدوای بژێوی ژیاندا بگەڕێ لەوڵاتێك کە شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەو نییە. ئەو تێکچوونەش لەئەنجامی ئەمە ڕوودەدات کەوا ژن ومێردی خێزانێك لەیەك شوێنی نیشتەجی بوون نین, بەڵکو لێك دوورکەوتوونەتەوە وە ئەو تێکچوونە خێزانییەش دەبێتە جۆرێك لەگرفتی ژن و منداڵ (خاطر، 2007، صفحة 296). بۆ پاڵپشتی ئەم بابەتە توێژینەوەیەك لە عیراق ئەنجام درا لەساڵی (1974) لەسەر (60) مێردمنداڵی لادەر لەگەڵ کۆمەڵێکی تر بەراوردکرا لەمێردمنداڵی لانەدراو, دەرکەوتووە ڕێژەی کۆچکردنی باوك و دایکی مێردمنداڵە لادەرەکان زیاترە, بەبەراود بە باوك و دایکی مێردمنداڵە لانەدەرەکان (ابراهیم، 1998، صفحة 37).

ئەنجامی ئەم توێژینەوانەش وادەردەخەن کە کۆچکردنی باوك یان دایك وەك گرفتێکی نێوخێزان دیار و بەرچاوە و لادانی مێردمنداڵی لێدەکەوێتەوە, واتە هەبوونی پەیوەندییەك لەنێوان کۆچکردنی باوان و لادانی مێردمنداڵ.

### 3. نەخۆشی درێژخایەن:

لەکاتی توشبوونی یەکێك لە ئەندامانی خێزان بە نەخۆشی کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو ئەندامانی ناوماڵ دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستەمی ژیانی رۆژانەی خێزان, وە نەخۆشی درێژخایەن دەبێتە هۆی زەرەرو زیانێکی گەورە. لە کاتی توشبوونی باوك بە نەخۆشی دەستکەوتی خێزان دەوەستێت یاخود بەرە بەرە کەم دەبێتەوە لە ئەنجامی ئەمەش ژیانی خێزان دەکەوێتە ژێر کاریگەری کەمبوونەوەی دەستکەوت (حسن م.، 1977، صفحة 82). لەلایەکی تریشەوە خێزان ڕووبەڕووی تێکچوون دەبێتەوە لەئەنجامی نەخۆشی درێژخایەنی یەکێك لەتاکەکانی خێزان کاریگەری هەیە لەسەر ئابووری خێزان, ئەرکی ئەم نەخۆشە گران دەبێت لەسەر ئەوکەسانەی کە لەخۆی دەگرن لەئەنجامی خەرجییەکی زۆر بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی. هەروەها نەخۆشی درێژخایەنی دایك کاریگەری هەیە لەسەر سیستەمی ماڵ لە ئەنجامی داڕمانی بنچینەی ڕێکخستنی ماڵ, لە گرنگترین گرفتەکانی کە ڕووبەڕووی منداڵ دەبێتەوە خۆشەویستییە لە ئەنجامی بێبەش بوونی لەسەرچاوەی سۆز و خۆشەویستی دایك لە خێزان, ئەمەش وا لەمنداڵ دەکات کە بەدوای سۆز و خۆشەویستی دا بگەڕێت لە دەرەوەی خێزان ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ پێوەر و بەها کۆمەڵایەتییەکان (خاطر، 2007، صفحة 296). لەلایەکی تریشەوە توشبوونی سەرۆکی خێزان بە نەخۆشییەکی درێژخایەن واتە دابڕانی لەکار و لەدەستدانی توانا بۆ دەستەبەرکردنی بژێوی ژیانی خێزان. لێرەدا خێزان تووشی هەژاری و داڕمانی ماددی دەبێتەوە ئەمانەش زیان بەداهاتووی خێزان دەگەیەنن نەخۆشکەوتنی سەرۆکی خێزان وادەکات نەتوانێت سەرپەرشتی پەروەردەی منداڵەکان و چاودێری خێزانەکەیی و پێداویستی کۆمەڵایەتی و دەروونی و خۆشەویستی بکات. ئەم بارودۆخەش دەبێتە هۆی لێکترازانی خێزان (الحسن، 2000، صفحة 130).

ئەم بۆچوونەی سەرەوە ئەوە دەگەیەنێت کە نەخۆشی درێژخایەنی یەکێك لە ئەندامانی خێزان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەنێو خێزان ئەمەش دەبێتە هۆی لێکترازانی خێزان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە کاریگەری ڕاستوخۆی هەیە بۆ سەر مێردمنداڵان، ئەمەش ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ لادانی مێردمنداڵ.

**4. بەندکردن:**

بەندکردن بریتییە لە بارودۆخێك کە سەرۆکی خێزان توشی گیران یاخود بەندکردن دێت بەهۆکاری ئەنجامدانی تاوانێك یاخود هەرهۆکارێك ئەوا خێزانەکەی ڕووبەڕووی هەژاری و داڕوخانی ماددی دەبێتەوە بەهۆی نەبوونی کەسانێك کە بژێوی ژیانیان و پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان جێبەجێ بکات، لە کاتێك کە دایکیش هیچ کارێکی لە دەرەوە نەبێت. ئامادەنەبوونی باوك لە خێزانەکەی دا بەهۆی بەندکردنی وا لەمنداڵەکان دەکات کە بێبەش بن لە چاودێریکردن و ئاڕاستەکردنی ڕەفتارو پاراستنیان لە دژی ئەو بارودۆخانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەمانەش دەبنە پاڵنەر بۆ لادانی مێردمنداڵ (الحسن، 2000، صفحة 130). بۆیە کاتێك باوك بەندکرابێت ئەوا منداڵەکانی بێبەش دەبن لەزۆربەی پێداویستییەکانیان,لە ئەنجامی تێرنەبوونی پێداویستییەکانی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەگەڕێتەوە و بەرپەرچی داب و نەریت و یاساکانی کۆمەڵگە دەداتەوە, لەپێناو بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی بەرەو ڕەوشتی شەڕانگێزی ئەڕوات (حەمەد، ٢٠٠٤، صفحة 136). هەروەها بارودۆخۆی ئابووریش ڕەهەندێکیترە کە کاریگەری هەیە لەسەر کۆمەڵگە و خێزان, هەندێك لە خێزانەکان دەناڵێنن بەدەست هەژاری و بێ کاری, ئەمانەش دەبنە هۆی پەیدابوونی گرفتی خێزان وەك نەمانی توانای بەخێوکردن و دابین کردنی پێداویستییە بنچینەییەکانی خێزان, لەئەنجامدا دەبێتە هۆی پەیدابوونی ناکۆکی لە نێوان هاوسەران و لێکترازان (السنهوری و آخرون، 1991، صفحة 21) .

لەڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە دەردەکەوێت کە بەندکردنی سەرۆکی خێزان دەبێتە هۆی خراپبوونی بارودۆخی ئابووری خێزان و نەتوانینی دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ مێردمنداڵ ئەمەش هاندەر دەبێت بۆ مێردمنداڵ بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی پەنا بۆ دەرەوە ببات چ بۆ کارکردن بێت، کە کارکردنی منداڵیش ڕووبەڕووی مەترسی دەرەکی دەکاتەوە چ دەستبردن بێت بۆ ڕەفتاری نەشیاو لەپێناو دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی.

### 5. لێك جیابوونەوە (تەڵاق):

ئاشكرایە كە لێك جیابوونەوە  دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی و ترسناكە و دەبێتە هۆی هەڵتەكاندنی بنەماكانی خێزان و كۆمەڵ و پەرتەوازەكردنی ئەندامەكانی و دروستكردنی ڕق و كینە و درزی كۆمەڵایەتی (قەرەچەتانی، ١٩٩٩، صفحة 36). دەكرێ مێردمنداڵان بێبەش بكرێن لە سۆز و خۆشەویستی دایک و باوكی ڕاستەقینە و چەوساندنەوەیان لەلایەن زڕباوك یان زڕدایك. لێك جیابوونەوە بەگرنگترین ئەو هۆكارانە دادەنرێت كە دەبێتە هۆی تێكچوونی شیرازەی خێزان و لادانی مێردمنداڵ, ئەمەش بەواتای بێ بەش بوونی مێردمنداڵ لەسۆز و خۆشەویستی لە باوان, هەروەها بێ بەش بوون لە چاودێری و ئاڕاستەكردن و پەروەردەیەكی دروست و هەستكردن بەكەموكوڕی تەنهایی (النجیمی، 2016، صفحة 29). ئەو توێژینەوانەی لە عیراق ئەنجام دراون ئەوە دەردەخەن, ڕێژەی لێك جیابوونەوە لەنێو خێزانی مێردمنداڵە لادەرەكان زۆر زیاترە بەرامبەر خێزانی مێردمنداڵە لانەدەرەكان, لەو توێژینەوانەی لە میصر كراون دەركەوتووە لێك جیابوونەوە بەڕێژەی زۆر لەنێو خێزانی لادەرەكانە بە بەراورد خێزانی لانەدەرەكان, هەروەها توێژینەوەكەی "جلوك" دەری خستووە كەڕێژەی لێك جیابوونەوە لەنێو خێزانی لادەرەكان زیاترە بەرامبەر خێزنی لانەدەرەكان (ابراهیم، 1998، صفحة 37). لێك جیابوونەوەی دایك و باوك و پەروەردەكردنی منداڵ و مێردمنداڵ لە لایەن یەكێك لەوانەوە خوڵقێنەری گەورەترین كێشەیە بۆ منداڵ و مێردمنداڵ. لەساڵی 1996 لە هەر 15 ملیۆن منداڵی خوار تەمەنی 18 ساڵ كە لە ئەڵمانیا ژیانیان تێپەڕدەكرد 2/5 ملیۆن كەسیان لەو خێزانانە بوون كە لەنێوان دایك و باوكیان لێك جیابوونەوە هەبووە و لای یەكێكیان پەروەردە دەكران (شێفەر، ٢٠٠٨، صفحة 168). لەم ئەنجامانەی سەرەوە دەردەكەوێت لێك جیابوونەوە یەكێكە لەو گرفتە كۆمەڵایەتییانەی نێو خێزان كە كاریگەری نێگەتیڤی هەیە و دەبێتە هۆی بێبەش بوونی مێردمنداڵان لە پێویستی بوونی دایك و باوك.

# تەوەری دووەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## بەشی چوارەم: چوارچێوەی تیۆری کارڕاییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان لە شاری هەلێر، ئەو مێردمنداڵانە دەگرێتەوە کە بڕیاریان لەسەر دراوە لە ڕەگەزی نێر لەم بەڕێوەبەرایەتییە، بەمەبەستی زانینی کاریگەرییەکانی ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان لەسەر لادانی مێردمنداڵان.

### باسی دووەم: میتۆد و بوارەکانی توێژینەوەکە

**1. میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا پێویستیکرد دوو میتۆد بەکاربهێنرێت بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە کە بریتیین لە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی و میتۆدی بەراوردکاری. توێژەر لەم توێژیەوەیەدا ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتی بەکاردێنێت، چونکە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بچووکە و دەتوانرێت هەموو یەکەکانی نموونە وەربگیرێت، ئەمەش ڕێگایەکی گونجاوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دروست و زانستی، بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان کاریگەری هەیە لەسەر لادانی مێردمنداڵ. هەروەها توێژەر سودی لە میتۆدی بەراوردکاری وەرگرتووە لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، بۆ بەراوردکردنی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە.

**2. بوارەکانی توێژینەوە:**

1- بواری شوێن: بریتییە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان لە شاری هەولێر.
2- بواری مرۆیی: بریتییە لە گشت ئەو مێردمنداڵانەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان لە ڕەگەزی نێر لە شاری هەولێر.
3- بواری کات: مەبەست لەبواری کات ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت , لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیەش لە 2020/11/10 تا 2021/5/20ی خایاندووە .

**باسی سێیەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان:-**

**1. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

یەکێك لەو ئامرازانەی کە توێژەر بەکاری هێناوە لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە فۆڕمی ڕاپرسی لەڕێگەی چاوپێکەوتنەوە کە لە (19) پرسیار پێکدێت، دابەشکراوە بۆ دوو بەشی سەرەکی، لەوانە پرسیارە گشتییەکان بریتییە لە(8) پرسیار کە تایبەتن بە خەسڵەتە گشتییەکانی یەکەکانی توێژینەوە، هەروەها پرسیارە تایبەتییەکان بریتیین لە (11) پرسیاری تایبەت بە ئامانجی توێژینەوەکە. ژمارەی ئەو فۆڕمانەی دابەشکران بریتیبوو لە (53) فۆڕم، دوای وردبینیکردنی فۆڕمەکان (3) فۆڕم لادران بەهۆی کەموکوڕی لە وەڵامەکاندا، ئەمەش دوای تێپەڕبوونی فۆڕمی ڕاپرسییەکە بە قۆناغی ڕاستگۆیی. ڕاستگۆیی ڕواڵەتی (الصدق الظاهري - Face Validity) : یەکێکە لە ڕێکارە گرنگەکان کە فۆڕمی ڕاپرسی پێیدا تێپەڕ دەبێت، بە وردبینیکردن و هەڵسەنگاندنی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بابەتی توێژینەوەکە، لەم قۆناغەدا بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی ڕاستگۆیی فۆڕمی ڕاپرسییەکە، (11) فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر کەسانی پسپۆڕ و شارەزا دابەشکرا. ڕێژەی ڕاستگۆیی فۆڕمەکەی (93.2%) بوو، ئەمەش بەڵگەی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی فۆڕمی توێژینەوەکەیە کە بڕگەکانی لەگەڵ پێوانەکردنی ئامادەنەبوونی باوان و کاریگەری لەسەر لادانی مێرداندالْ گونجاوە .

هەروەها ئامرازی چاوپێکەوتن بەکارهاتووە، بە بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی لەڕێگەی چاوپێکەوتنەوە، چاوپێکەتنی تاکەکەسی بووە، بۆ یارمەتیدانی یەکەکانی توێژینەوە لەسەر بنەمای متمانەی پێویست لەنێوان توێژەر و نموونەی لێتوێژراو، هەروەها گرنگی چاوپێکەوتن لەم توێژینەوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ نزمی ئاستی زانستی یەکەکانی توێژینەوەکە، نەیانتوانیوە بەباشی پرسیارەکان بخوێننەوە و لێی تێبگەن کە لە فۆڕمی ڕاپرسییەکەدا هاتووە.

**2. کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان:**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە هەگبەی ئاماری لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان ( SPSS)(*) بەستراوە، لەم هەگبەیەدا ئەمانەی خوارەوە بەکارهاتووە:

(*) Statistical Package for Social Science (SPSS ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- ڕێژەی سەدی (النسبة المؤية - percentage) بۆ دەرهێنانی ڕێژەی سەدی زانیارییە گشتییەکان.
2- ناوەندی ژمێرەیی (الوسط الحسابی - mean) بۆ دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەیی تەمەن.
3- ڕاستگۆیی ڕواڵەتی (الصدق الظاهري - Face Validity) بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ڕاستگۆیی فۆڕمی ڕاپرسی.
4- دابەشکردنی دووبارەی دووانە (التوزیع التکرار المزدوج - Crosstab) بۆ خستنەڕوی زانیارییەکانی تایبەت بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

## بەشی پێنجەم : خستنە ڕو و شیکردنەوەی زانیارییەکان:

### باسی یەکەم : خستنەڕو و شیکردنەوەی زانیارییە گشتییەکان

#### 1. تەمەنی یەکەکان

تەمەنی یەکەکانی توێژینەوەکە دابەشی سەر سێ کۆمەڵ کراون لە تەمەنی (11) ساڵی بۆ (18) ساڵی، پاڵپشت بەو تەمەنەی لە شیکرنەوەی چەمکەکان خستومانەتەڕوو کە لەنێوان (11-18)ساڵیدایە. دەردەکەوێت زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان تەمەنیان لەنێوان (17-18) ساڵیدایە بە ڕێژەی 52%، بە ڕێژەی 44%ی تەمەنیان لەنێوان (15-16) ساڵیدایە، هەروەها بە ڕێژەی 4%ی یەکەکانی نموونە تەمەنیان لەنێوان (11-12) ساڵیدایە کە کەمترین ڕێژەیە.

لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان منداڵان تەمەنیان لەنێوان (17-18) ساڵە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە لادانی مێردمنداڵان لەم تەمەنە دەکرێ هۆکارەکەی هەستکردنی بە کەموکوڕی و نەبوونی چاودێری پێویست بێت لەلایەن باوانەوە، بەهۆکاری ئامادەنەبوونیان لەناو خێزان، ئەمەش بوبێتە پاڵنەرێك بۆ ئەنجامدانی هەر ڕەفتارێکی لادەرانە.

#### 2. ئاستی خوێندەواری

یەکەکانی توێژینەوە دابەشکراون بۆ چەند ئاستێك، بەلەبەرچاوگرتنی دواین تەمەنی مێردمنداڵ و قۆناغی خوێندنی. بۆمان دەردەکەوێت بە ڕێژەی 32%ی یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نەخوێندەوارن، بەڕێژەی 28%ی ئاستی خوێندەواریان لە ئاستی بنەڕەتی دایە، بە ڕێژەی 22%ی یەکەکان دەتوانن بخوێننەوە و بنوسن، هەروەها بە ڕێژەی 18%ی کە کەمترین ڕێژەیە ئاستی

خوێندەوارییان لە قۆناغی ئامادەیی دایە.
لەئەنجامدا دەردەکەوێت یەکەکانی گۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم نەخوێندەوارن و ئەوانەی ئاستی خوێندەوارییان لە ئاستی بنەڕەتی دایە بە پلەی دووەم دێن، ئەمەش ئەوە دەردەخات زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان هەر زوو لە خوێندن دابڕاون، بە لەبەرچاوگرتنی تەمەنی زۆربەی یەکەکانی گۆمەڵگەی توێژینەوەکە، ڕێی تێدەچێت هۆکاری خراپی باری ئابووری خێزانەکان پاڵنەرێك بووبێت بۆ ئەوەی ئەو مێردمنداڵانە کاربکەن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان ، بەهۆی ئامادەنەبوونی بەخێوکەری خێزان.

### 3. جۆری پیشە

دەردەکەوێت زۆربەی یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی 72%ی جۆری پیشەکەیان کاسبی بووە. بەرێژەی 20%ی قوتابی بووینە. هەروەها بەرێژەی 8%ی بێ کار بوونە.
لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان بە ڕێژەی 72%ی کاسب بووینە و واتا لە خوێندن دابڕاون، ئەمەش دەکرێ هۆکارەکەی ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان بێت بەتایبەتی باوك وەك سەرۆك و بەخێوکەری خێزان، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خێزان، وازیان لە خوێندن هێناوە یاخود هەر نەچوونەتە بەر خوێندن، لە ئەنجامی کارکردنیان و نەبوونی چاودێرییەکی باش لەلایەن باوانیانەوە بووبێتەهی ئەوەی پەیوەندی بە هاوڕێی خراپەوە بکەن تووشی لادان ببنەوە.

### 4. شوێنی نیشتەجێبوون

زۆرترین ڕێژەی تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی 64%ی لەناوشار لەدایکبوون، هەروەها بە ڕێژەی 18%ی منداڵی ناحییەکانن کە بەپلەی دووەم دێت، بە ڕێژەی 12%ی نیشتەجێی قەزاکانن لە پلەی سێیەم دایە، هەروەها ڕێژەی 6%ی نیشتەجێی لادێکانن کە نزمترین پلەیە.
لەم ئەنجامەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان لە خێزانی نیشتەجێی شارەکان دادەژین، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زۆربەی مێردمنداڵانی ناو شار تووشی ڕەفتاری لادەرانە بووینەتەوە، دەکرێ هۆکارەکەشی ئاڵۆزی ژیانی ناو شار بێت، بەهۆی زۆری داواکاری پێداویستی و کەلوپەلی خۆشگوزەرانی وایکردبێت مێردمنداڵان لە خوێندن دابڕێن و ڕوو لە کارکردن بکەن، پاڵپشت بە ئەنجامی ئاستی خوێندن، بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، بەهۆکاری ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دواتر پەیداکردنی هاوپیشە و هاوڕێی خراپ تووشی ڕەفتاری لادەرانە بووبێتنەوە. لە بەرامبەردا قەزا و ناحییە و لادێکان کەمترین ڕێژەیان بەردەکەوێت، دەکرێ یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوە بێت لەو ناوچانە بارودۆخی ژیان بەم شێوەیە ئاڵۆز نەبێت و پێداویستییەکان زۆر نەبن، هەروەها هۆکارێکی تر لە ناوچەکانی دەرەوەی شار دەکرێ خێزان لە ڕووی قەبارەوە فراوان بێت واتا خێزانەکان کەسی نزیکیشیان لەگەڵدابێت لە خاڵ و مام و داپیر و باپیر، ئەمەش کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لەم ناوچانە بەهێزتر نیشاندەدات، کە وادەکات لە ئامادە نەبوونی باوان یان یەکێکیان بۆشاییەکی ئەوتۆ دروست نەبێت کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی ناو خێزان هەبێت.

### 5. گەڕەکی نیشتەجێبوون

لێرەدا یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دابەشی سەر سێ جۆر گەڕەك کراون لەناو شاردا لەوانە گەڕەکی (میللی، مام ناوەند، دەوڵەمەند). بۆمان دەردەخات بەرزترین ئاستی یەکەکانی توێژینەوە نیشتەجێی گەڕەکە میللییەکانن لەناو شاردا بە ڕێژەی 62%، بە ڕێژەی 22%ی نیشتەجێی ئەو گەڕەکانەن کە مام ناوەندن، هەروەها بە نزمترین ئاست نیشتەجێی گەڕەکە دەوڵەمەندەکانن بە ڕێژەی 16%.

لە ئەنجامدا دەردەکەوێت زۆربەی ئەو مێردمنداڵە لادەرانەی کە لە خێزانێکدا دەژین نیشتەجێی ناو شارن لە گەڕەکە میللییەکاندان، ئەمەش دەکرێ هۆکارەکەی خراپی بژێوی ژیان و کرێ نشین بن بەهۆی کەمی نرخی کرێی خانوو لەم جۆرە گەڕەکانە. ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ لادانی مێردمنداڵان لەڕێگەی پەیوەندیکردنیان بە هاوڕێی خراپ و چاولێکردنیان لە ئامادەنەبوونی باوان و چاودێری نەکردنیان بەڕادەی پێویست.

### 6. جۆری خانوو

دەردەکەوێت کە زۆربەی یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە خانووەکانیان مولکی خۆیانە بە ڕێژەی 68%. هەروەها کرێ نشینەکان بە پلەی دووەم دێن بە ڕێژەی 30% ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بۆ کۆمەڵگەکە، هەروەها بە ڕێژەی 2%ی خانووەکانیان نە هی خۆیانە و نە کرێ نشینن، بەڵکو نیشتەجێ خانوویەکن کە لەلایەن خێرخوازانەوە بۆیان دابینکراوە یان مولکی کەسێکیترە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تیایدا نیشتەجێن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان نیشتەجێی خانووی مولکن، لەگەڵ ئەوەش دا بەڕادەیەکی بەرزیش کە دەکاتە نزیکەی نیوەی مێردمنداڵە لادەرەکان کرێ نشینن.

### 7. ئاستی بژێوی خێزان

بە ڕێژەی 42%ی یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بژێوی ژیانیان مام ناوەندە، بە ڕێژەی 34%ی بژێوی ژیانیان باشە، بە ڕێژەی 14%ی بژێوی ژیانیان خراپە، بە ڕێژەی 8%ی بژێوی ژیانیان زۆر خراپە، هەروەها بە ڕێژەی 2%ی یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بژێوی ژانیان زۆر باشە.

### 8. جۆری لادان

لادانی مێردمنداڵ چەند جۆرێکی هەیە کە لەم توێژینەوەیە دابەشی سەر حەوت کۆمەڵ کراون لەوانە (شەڕ، سەرپێچی هاتووچۆ، دزی، تاوانە جنسییەکان، ماددەی هۆشبەر، کوشتن، تیرۆر). بڕوانە خشتەی (1).

خشتەی (1) :جۆری لادانی یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| جۆری لادان | ژمارە | % |
|---|---|---|
| شەڕ | 1 | 2.0 |
| سەرپێچی هاتووچۆ | 3 | 6.0 |
| دزی | 16 | 32.0 |
| تاوانە جنسییەکان | 8 | 16.0 |
| ماددەی هۆشبەر | 16 | 32.0 |
| کوشتن | 4 | 8.0 |
| تیرۆر | 2 | 4.0 |
| کۆ | 50 | 100.0 |

لە خشتەی (1)دا بۆمان دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژەی لادان لای یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە جۆری دزی و ماددەی هۆشبەرە بە ڕێژەی 32%. لەدوای ئەوە تاوانە جنسییەکان دێت بە ڕێژەی 16%، هەروەها کوشتن بەڕێژەی 8%، دواتر بە ڕێژەی 6%ی سەرپێچی هاتووچۆ دێت، بە ڕێژەی 4%ی لادان لە جۆری تیرۆرە، هەروەها بە کەمترین ئاست جۆری لادانی شەڕکردن دێت بە ڕێژەی 2%.

لەئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت بەرزترین ئاست لە جۆری لادان دزیکردن و ماددەی هۆشبەرە کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلایەن مێردمنداڵە لادەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان ئەنجامدراوە، ئەو ئەنجامەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (الحوامدە) کە دەرکەوتووە تاوانی دزیکردن لە زۆرترین تاوانەکان بووە مێردمنداڵانی لادەر پێی هەڵساون، ئەوەش پەیوەندی هەیە بە شێوەکانی لێکترازانی خێزان یان ئامادەنەبوونی باوان بەهۆی (مردن، کۆچکردن، بەندکردن، لێك جیابوونەوە، نەخۆشی درێژخایەن) کە کاریگەری هەبووە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی ناو خێزان و لادانی مێردمنداڵ.

**باسی دووەم: خستنەڕو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی تایبەت بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی هەر شێوەیەك لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان.**

**1. کۆچکردنی باوان یان یەکێکیان بۆ دەرەوەی وواڵت**

ئەنجامەکانی تایبەت بە ئاستی کۆچکردنی باوان یان یەکێکیان بۆ دەرەوەی ووڵات وەك شێوەیەك لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان، ئاماژە بەوە دەکەن کە باوك یان باوك و دایکی مێردمنداڵە لادەرەکان کۆچیان بۆ دەرەوەی ووڵات کردووە بە ڕێژەی 44%. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەشێکی زۆری مێردمنداڵە لادەرەکان باوك یان باوك و داکیان بەیەکەوە ئامادەییان نەبووە لەناو خێزاندا، هەم وەکو سەرۆکی خێزان و هەم وەکو سەرپەرشتیار و بەخێوکەر، ئەمەش لە میانی بەکارهێنانی خشتەی دابەشکردنی دووبارەی دووانە (Crosstab). بڕوانە خشتەی (2).

خشتەی (2): دابەشکردنی دووبارەی دووانە (Crosstab) ئاستی کۆچکردنی باوان یان یەکێکیان بۆ دەرەوەی ووڵات ڕووندەکاتەوە

| دایك یان باوك یان هەردووکیان | کۆ | دایك | | کۆچکردن بۆ دەرەوەی ووڵات |
|---|---|---|---|---|
| | | کۆچیان کردووە بۆ دەرەوەی | کۆچیان نەکردووە بۆ دەرەوەی ووڵات | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | وولاّت | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| باوك | کۆچیان نەکردووە بۆ دەرەوەی وولاّت | ژمارە | 28 | 0 | 28 | 44% |
| | | % | 56.0% | 0.0% | 56.0% | |
| | کۆچیان کردووە بۆ دەرەوەی وولاّت | ژمارە | 14 | 8 | 22 | |
| | | % | 28.0% | 16.0% | 44.0% | |
| کۆ | | ژمارە | 42 | 8 | 50 | |
| | | % | 84.0% | 16.0% | 100.0% | |

خشتەی (2) دەریدەخات بە ڕێژەی 56%ی یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نە باوك و نەدایك کۆچیان نەکردووە بۆ دەرەوەی وولاّت، هەروەها بە ڕێژەی 28%ی یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە باوکیان کۆچی کردووە بۆ دەرەوەی وولاّت، بە ڕێژەی 16%ی یەکەکان باوك و دایکیان کۆچیانکردووە بۆ دەرەوەی وولاّت، هەروەها کۆچ کردنی دایك بۆ دەرەوەی وولاّت بە تەنها هیچ ڕێژەیەکی تۆمار نەکردووە.

### 2. نەخۆشی درێژخایەنی باوان یان یەکێکیان

ئەنجامەکانی تایبەت بە نەخۆشی درێژخایەنی باوان یان یەکێکیان وەك شێوەیەك لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان، ئاماژە بەوە دەکەن کە باوك یان دایکی مێردمنداڵە لادەرەکان یان هەردووکیان نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە بە ڕێژەی 36%. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەشێکی زۆری مێردمنداڵە لادەرەکان باوك یان دایك یان هەردووکیان ئامادەییان نەبووە لەناو خێزاندا بەهۆی ئەوەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەبووە، بۆ ئەمەش خشتەی دابەشکردنی دووبارەی دووانە (Crosstab) بەکارهێنراوە بۆ دەرخستنی ئاستی نەخۆشی درێژخایەن لەلایەن باوانی مێردمنداڵە لادەرەکان. بڕوانە خشتەی (3).

خشتەی (3): دابەشکردنی دووبارەی دووانە (Crosstab) ئاستی نەخۆشی درێژخایەنی باوان یان یەکێکیان ڕووندەکاتەوە

| **نەخۆشی درێژخایەن** | **دایك** | | **کۆ** | **دایك یان باوك یان** |
|---|---|---|---|---|
| | نەخۆشی | نەخۆشی | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| هەردووکیان | | درێژخایەنی هەیە | درێژخایەنی نیە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 36% | 40 | 8 | 32 | ژمارە | نەخۆشی درێژ خایەنی نیە | باوك |
| | 80.0% | 16.0% | 64.0% | % | | |
| | 10 | 4 | 6 | ژمارە | نەخۆشی درێژخایەنی هەیە | |
| | 20.0% | 8.0% | 12.0% | % | | |
| | 50 | 12 | 38 | ژمارە | کۆ | |
| | 100.0% | 24.0% | 76.0% | % | | |

خشتەی (3) ئەوەی خستۆتەڕوو بە ڕیژەی 64%ی یەکەکانی توێژینەوەکە باوك و دایکیان نەخۆشی درێژ خایەنیان نەبووە، هەروەها بە ڕێژەی 16%ی نەخۆشی درێژخایەن لەلایەن دایکی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو. بە ڕێژەی 12%ی یەکەکانیش باوکیان نەخۆشی درێژخایەنی هەبووە، بەڕێژەی 4%ی دایك و باوکیان واتا هەردووکیان نەخۆشی درێژخایەنیان هەبووە.

### 3. مردنی باوان یان یەکێکیان

ئەنجامەکانی تایبەت بە ئاستی مردنی باوان یان یەکێکیان وەك شێوەیەك لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان، ئاماژە بەوە دەکەن باوك یان دایکی مێردمنداڵە لادەرەکان یان هەردووکیان مردوون بە ڕێژەی 32%. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەشێکی زۆر لە باوك یان دایك یان هەردووکیان ئامادەییان نەبووە لەناو خێزانی مێردمنداڵ لادەرەکان بەهۆی مردنیان، ئەو ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (فرماوی و الاخرون)ە کە زۆربەی مێردمنداڵ لادەرەکان هۆکاری لادانیان گەڕاندۆتەوە بۆ مردنی باوك، ئەوەش دەبێتە هۆی کەمووکوڕی لە چاودێری خێزان. ئەو ئەنجامەش دەرکەوتووە لەڕێگەی بەکارهێنانی خشتەی دابەشکردنی دووبارەی دووانە (Crosstab) بۆ دەرخستنی ئاستی مردنی باوانی مێردمنداڵە لادەرەکان. بڕوانە خشتەی (4).

خشتەی (4): دابەشکردنی دووبارەی دووانە (Crosstab) ئاستی مردنی باوان یان یەکێکیان ڕووندەکاتەوە

| دایك یان باوك یان هەردووکیان | کۆ | دایك | | مردن |
|---|---|---|---|---|
| | | مردووە | نەمردووە | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| باوك | نەمردووە | ژمارە | 34 | 4 | 38 | 32% |
| | | % | 68.0% | 8.0% | 76.0% | |
| | مردووە | ژمارە | 8 | 4 | 12 | |
| | | % | 16.0% | 8.0% | 24.0% | |
| كۆ | | ژمارە | 42 | 8 | 50 | |
| | | % | 84.0% | 16.0% | 100.0% | |

لە خشتەی (4)دا دەردەكەوێت بە ڕێژەی 34%ی یەكەكانی توێژینەوەكە باوك و دایكیان لە ژیاندا ماون، بەڕێژەی 16%ی یەكەكان باوكیان لە ژیاندا نەماوە واتا مردووە، بە ڕێژەی 8%ی دایكیان مردووە، هەروەها بە ڕێژەی 8%ی یەكەكانی كۆمەڵگەی توێژینەوەكە هەردووكیان مردوون.

### 4. بەندكردنی باوان یان یەكێكیان

ئەنجامەكانی تایبەت بە ئاستی بەندكردنی باوان یان یەكێكیان وەك شێوەیەك لە شێوەكانی ئامادەنەبوونی باوان، ئاماژە بەوە دەكەن كە باوكی مێردمنداڵە لادەرەكان بەندكراون بە ڕێژەی 16%. ئەمەش ئەوە دەردەخات كە بەشێكی مێردمنداڵە لادەرەكان باوكیان ئامادەیی نەبووە لەناو خێزاندا بەهۆی ئەوەی بەندكراون بەهەر هۆكارێك بێت، خشتەی دابەشكردنی دووبارەی دووانە (Crosstab) بەكارهێنراوە بۆ دەرخستنی ئاستی بەندكردن لەلایەن باوانی مێردمنداڵە لادەرەكان. بڕوانە خشتەی (5).

خشتەی (5): دابەشكردنی دووبارەی دووانە (Crosstab) ئاستی بەندكردنی باوان یان یەكێكیان ڕووندەكاتەوە

| بەند كردن | | | دایك | | كۆ | دایك یان باوك یان هەردووكیان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بەند نەكراوە | بەند كراوە | | |
| باوك | بەند نەكراوە | ژمارە | 42 | 0 | 42 | 16% |
| | | % | 84.0% | 0% | 84.0% | |
| | بەند كراوە | ژمارە | 8 | 0 | 8 | |
| | | % | 16.0% | 0% | 16.0% | |
| كۆ | | ژمارە | 50 | 0 | 50 | |
| | | % | 100.0% | 0% | 100.0% | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (5) دەریدەخات بە ئاستێکی زۆر لە باوانی یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەندنەکراون بە ڕێژەی 84%. هەروەها بە ڕێژەی 16%ی باوکی یەکەکان بەندکراون، هەروەها بەندکردنی دایك یان دایك و باوك بەیەکەوە هیچ ڕێژەیەکی تۆمار نەکردووە واتا 0%.

**5. لێك جیابوونەوەی باوان**

ئەنجامەکانی تایبەت بە ئاستی لێك جیابوونەوەی باوان وەك شێوەیەك لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان، ئاماژە بەوە دەکەن کە باوك و دایك مێردمنداڵە لادەرەکان لیك جیابوونەتەوە بە ڕێژەی 8%، هەروەها بە ڕێژەی 28%ی باوکی مێردمنداڵە لادەرەکان ژنێکی تری هێناوە بێ لێك جیابوونەوە لەگەڵ دایکیان، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەشێکی دیکەی مێردمنداڵە لادەرەکان باوك و داکیان بەیەکەوە ئامادەییان نەبووە لەناو خێزاندا، هەم وەکو سەرۆکی خێزان و هەم وەکو سەرپەرشتیار و بەخێوکەر، ئەمەش لە میانی بەکارهێنانی خشتەی دابەشکردنی دووبارەی دووانە (Crosstab) بۆ زانینی ئاستی لێك جیابوونەوەی باوان. بڕوانە خشتەی (6).

خشتەی (6): دابەشکردنی دووبارەی دووانە (Crosstab) ئاستی لێك جیابوونەوەی باوان ڕووندەکاتەوە

| ژن دووبارە هێنانەوە | | لەگەڵ ژیان | | ئایا باوکت و دایکت لێك جیابووینەوە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بەڵێ | | نەخێر | |
| | | | | ژمارە | % | ژمارە | % |
| **ئایا باوکت ژنی تری هێناوە** | بەڵێ | ئایا باوکت لەگەڵتان دەژیت | بەڵێ | 2 | 4.0% | 9 | 18.0% |
| | | | نەخێر | 2 | 4.0% | 5 | 10.0% |
| | نەخێر | ئایا باوکت لەگەڵتان دەژیت | بەڵێ | 0 | 0.0% | 30 | 60.0% |
| | | | نەخێر | 0 | 0.0% | 2 | 4.0% |
| | | | | 4 | %8 | 46 | %92 |

لە خشتەی (6)دا دەردەکەوێت بە ڕێژەی 92%ی یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لێك جیابوونەوە لەنێوان باوك و دایکی یەکەکان ڕوویندداوە، هەروەها بە ڕێژەی 8%ی یەکەکانی توێژینەوە باوك و دایکیان لێك جیابوونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕێژەی 64%ی دایك و باوکی ئەو یەکانەی کە لێك

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیانەبوونەتەوە باوکیان ژنی تری نەهێناوە، بەڵام بە ڕێژەی 28% ئەوانەی لێك جیانەبوونەتەوە ژنێکی تریان هێناوە، هەروەها بە ڕێژەی 4%ی دایك و باوکی یەکەکان ئەوانەی لێك جیابوونەتەوە دوای هێنانی ژنێکیتر لەلایەن باوکیانەوە ئەوا لەگەڵ باوکیان لە هەمان خانوو دەژین، بەڵام بە ڕێژەی 4%ی یەکەکان لە دوای ژن هێنانەوەی باوکیان لەگەڵیان ناژین.

**ئامانجی دووەم: زانینی بەرزترین ئاست لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان لەناو خێزانی مێردمنداڵە لادەرەکان**

ئەنجامی تایبەت بە زانینی بەرزترین ئاست لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان بەهۆی (کۆچکردن، نەخۆشی درێژخایەن، مردن، بەندکردن، لێك جیابوونە) لەناو خێزانی ئەو مێردمنداڵانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان، دەردەکەوێت بەرزترین ئاست لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان، بە پلەی یەکەم بریتییە لە ئامادەنەبوونی باوان بەهۆی کۆچکردن بەڕێژەی 44%ی مێردمنداڵە لادەرەکان (باوك یان باوك و دایکیان) کۆچیان کردووە بۆ دەرەوەی وڵات. بەڕێژەی 36%ی مێردمنداڵە لادەرەکان (باوکیان یان دایکیان یان هەردووکیان) نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە کە بەپلەی دووەم دێت. هەروەها ئامادەنەبوونی باوان بەهۆی مردن بە پلەی سێیەم دێت بەڕێژەی 32%. ئەو ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی هەریەکە لە (الیاسین و الاسدی) و (الحسن) و (استنبولی)ە دەرکەوتووە ئەو خێزانانەی کە گرفتی ئامادەنەبوونی باوانیان هەیە دەناڵێنن بەدەست ناهاوسەنگی خێزان ئەمەش هۆکارێکە بۆ لادانی مێردمنداڵ. بڕوانەی خشتەی (7).

خشتەی (7): دابەشکردنی دووبارەی دوانە (crosstab) بۆ دیاریکردنی بەرزترین ئاست لە شێوەکانی ئامادده نەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان کە دەبێتە هۆی لادانی مێردمنداڵ

| ژ | شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان | باوك | دایك | هەردووکیان | هیچیان | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کۆچکردن | 14<br>%28 | 0<br>%0 | 8<br>%16 | 0<br>%0 | 22<br>%44 |
| 2 | نەخۆشی درێژخایەن | 6<br>%12 | 8<br>%16 | 4<br>%8 | 0<br>%0 | 18<br>%36 |
| 3 | مردن | 8 | 4 | 4 | 0 | 16 |

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | %16 | %8 | %8 | %0 | %32 |
| 4 | بەند کردن | 8<br>%16 | 0<br>%0 | 0<br>%0 | 0<br>%0 | 8<br>%16 |
| 5 | لێك جیابوونەوە | | | | | 4<br>%8 |

لە خشتەی (7)دا دەردەکەوێت بەرزترین ئاست لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان، بە پلەی یەکەم بریتییە لە ئامادەنەبوونی باوان بەهۆی کۆچکردن بەرێژەی 44%ی یەکەکانی کۆمەڵگە توێژینەوەکە، بە پلەی دووەم بریتییە لە ئامادەنەبوونی باوان بەهۆی نەخۆشی درێژخایەن بەرێژەی 36%، هەروەها ئامادەنەبوونی باوان بەهۆی مردن بە پلەی سێیەم دێت بەرێژەی 32%، بە رێژەی 16%ی مێردمنداڵە لادەرەکان تەنها باوکیان ئامادەیی نەبووە لەناو خێزان. بە رێژەی 8%یش لێك جیابوونە ڕوویداوە لەنێوان باوك و دایکی مێردمنداڵەکان.

**ئامانجی سێیەم: شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان بەشێك لە زانیارییەکانی تایبەت بە مێردمنداڵە لادەرەکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی خێزانەکانیان بۆ زانینی کاریگەری ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان لەسەر لادانی مێردمنداڵ.**

**تەوەری یەکەم/ ئەنجامی شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان هۆکاری لادان و جۆری پیشەی مێردمنداڵە لادەرەکان**

بەپێی ئەنجامی شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان هۆکاری لادان و جۆری پیشەی مێردمنداڵە لادەرەکان بۆمان دەردەکەوێت بەرێژەی 64%ی مێردمنداڵە لادەرەکان هۆکاری لادانیان دەگەڕێننەوە بۆ هاوڕێکانیان، لەو ڕێژەیەش بەشی هەرە زۆریان بەرێژەی 25%ی مێردمنداڵە لادەرەکان جۆری پیشەکەیان کاسبی بووە، ئەمەش دەکرێ یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان خراپی باری ئابووری خێزانەکان بووبێت بەهۆی ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیکان لەناوخێزان پاڵی بەو مێردمنداڵەوە نابێت بۆ ئەوەی دوابکەوێت لە خوێندن یاخود واز لە خوێندن بهێنێت و کار بکات، لەڕێگەی کارکردنی ڕووبەڕووی هاوڕێی خراپ بووبێتەوە و تووشی لادانی کردبێت. یاخود لە ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان بووبێتە هۆی نەمانی چاودێر بەسەر نەوەکانی و گرنگی پێنەدانی و تووشبوونی بە هاوڕێی

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خراپ و لادانی. بڕوانەخشتەی (8).

خشتەی (8): دابەشکردنی دووبارەی دوانە (crosstab) بۆ شیکردنەوەوە پەیوندی نێوان هۆکاری لادان بەپێی جۆری پیشەی مێردمنداڵە لادەرەکان ڕووندەکاتەوە

| | | | جۆری پیشە | | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | قوتابی | کاسبکار | بێ کار | |
| هۆکاری لادانت بۆ کێ دەگەڕێنیتەوە | باوك | ژمارە | 1 | 0 | 0 | 1 |
| | | % | 2.0% | 0.0% | 0.0% | 2.0% |
| | دایك | ژمارە | 0 | 0 | 0 | 0 |
| | | % | 0.0% | 0.0% | 0.0% | 0.0% |
| | برا | ژمارە | 0 | 1 | 0 | 1 |
| | | % | 0.0% | 2.0% | 0.0% | 2.0% |
| | هاوڕێ | ژمارە | 6 | 25 | 1 | 32 |
| | | % | 12.0% | 50.0% | 2.0% | 64.0% |
| | کەسی تر | ژمارە | 2 | 10 | 2 | 14 |
| | | % | 4.0% | 20.0% | 4.0% | 28.0% |
| | هیچ کەس | ژمارە | 1 | 0 | 1 | 2 |
| | | % | 2.0% | 0.0% | 2.0% | 4.0% |
| کۆ | | ژمارە | 10 | 36 | 4 | 50 |
| | | % | 20.0% | 72.0% | 8.0% | 100.0% |

لە خشتەی (8)دا دەردەکەوێت بەرێژەی 2%ی ئەو یەکانەی هۆکاری لادانیان بۆ باوکیان گەڕاندۆتەوە پیشەیان قوتابییە. ئەوانەی هۆکاری لادانیان بۆ دایکیان گەڕاندۆتەوە ڕێژەکەی 0%. بەڕێژەی 2%ی ئەوانەی هۆکاری لادانیان بۆ برایان گەڕاندۆتەوە پیشەیان کاسب بووە. بەڕێژەی 64%یش کە بەرزترین ڕێژەیە ئەوانەی هۆکاری لادانیان بۆ هاوڕێ گەڕاندۆتەوە بەرێژەی 12%ی پیشەیان قوتابییە و بەرێژەی 50%ی پیشەیان کاسبە و بەرێژەی 2%یش بێ کارن. بەرێژەی 28%ی یەکەکانی هۆکاری لادانیان بۆ کەس تر گەڕاندۆتەوە 4%یان پیشەیان قوتابی بووە و 20%یان کاسب بوونە و 4%یشیان بێ کار بووینە. هەروەها بەرێژەی 4%ی ئەوانەی هیچ کەس بەهۆکاری لادانیان نازانن، بەرێژەی 2%ی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پیشەیان قوتابییە و بەرێژەی 2%ی بێکارن.

**تەوەری دووەم/ ئەنجامی شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان جۆری لادان و گەڕەکی نیشتەجێبوونی مێردمنداڵە لادەرەکان**

بەپێی ئەنجامی شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان جۆری لادان و گەڕەکی نیشتەجێبوونی مێردمنداڵە لادەرەکان پێش هاتنیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی بۆمان دەردەکەوێت بەرێژەی 32%ی مێردمنداڵە لادەرەکان جۆری لادانیان دزیکردن بووە، ئەو ئەنجامەش یەکدەگرێتوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (الحوامدە) دەرکەوتووە تاوانی دزیکردن لە زۆرترین تاوانەکانە، هەروەها بەرێژەی 32%یش جۆری لادانیان ماددەی هۆشبەر بووە. ئەم دوو جۆرە لە لادان هەمان رێژەیان تۆمارکردووە، کۆی هەردوو رێژەکەش دەکاتە 64%. بۆ هەردوو جۆری لادانیش بەرزترین رێژەی مێردمنداڵە لادەرەکان بەرێژەی 34%ی نیشتەجێی گەڕەکە میللییەکانن، ئەمەش دەکرێ یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان خراپی باری ئابووری خێزانەکان و تێکەڵاوی خەڵکەکەی و نەبوونی چاودێرییەکی باش لەلایەن باوان و پەیوەندیکردنی مێردمنداڵەکان بە هاوڕێی خراب لە گەڕەکە میللییەکان بەهۆی ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیکان لەناوخێزان پاڵی بەو مێردمنداڵەوە نابێت بۆ ئەوەی ئەم جۆرە لادانانە ئەنجام بدەن و تووشی لادان بووبێتنەوە. بڕوانەخشتەی (9).

خشتەی (9): دابەشکردنی دووبارەی دوانە (crosstab) بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان جۆری لادان بەپێی گەڕەکی نیشتەجێبوونی مێردمنداڵە لادەرەکان ڕووندەکاتەوە

| کۆ | گەڕەکی نیشتەجێبوون | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | گەڕەکی دەوڵەمەند | گەڕەکی مام ناوەند | گەڕەکی میللی | | | |
| 1 | 0 | 0 | 1 | ژمارە | شەڕ | جۆری لادان |
| 2.0% | 0.0% | 0.0% | 2.0% | % | | |
| 3 | 0 | 0 | 3 | ژمارە | سەرپێچی هاتووچۆ | |
| 6.0% | 0.0% | 0.0% | 6.0% | % | | |
| 16 | 4 | 3 | 9 | ژمارە | دزی | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | % | 18.0% | 6.0% | 8.0% | 32.0% |
| | تاوانە جنسییەکان | ژمارە | 5 | 3 | 0 | 8 |
| | | % | 10.0% | 6.0% | 0.0% | 16.0% |
| | ماددەی هۆشبەر | ژمارە | 8 | 5 | 3 | 16 |
| | | % | 16.0% | 10.0% | 6.0% | 32.0% |
| | کوشتن | ژمارە | 3 | 0 | 1 | 4 |
| | | % | 6.0% | 0.0% | 2.0% | 8.0% |
| | تیرۆر | ژمارە | 2 | 0 | 0 | 2 |
| | | % | 4.0% | 0.0% | 0.0% | 4.0% |
| کۆ | | ژمارە | 31 | 11 | 8 | 50 |
| | | % | 62.0% | 22.0% | 16.0% | 100.0% |

لە خشتەی (9)دا دەردەکەوێت ئەوانەی جۆری لادانیان شەڕکردن بووە نیشتەجێی گەڕەکە میللییەکانن ڕێژەی 2%ی تۆمارکردووە. بەڕێژەی 6%ی ئەو یەکانەی جۆری لادانیان سەرپێچی ترافیك بووە نیشەجێی گەڕەکە میللییەکانن. بەڕێژەی 32%ی کە بەرزترین ڕێژەیە ئەوانەی جۆری لادانیان دزی بووە، بەڕێژەی 18%ی نیشتەجێی گەڕەکە میللییەکانن و 6%ی نیشتەجێی گەڕەکە مام ناوەندەکانن و8%یان نیشتەجێی گەڕەکە دەوڵەمەندەکانن. بەڕێژەی 16%یش ئەوانەی تاوانە جنسییەکانیان ئەنجامداوە، بەڕێژەی 10%ی نیشتەجێی گەڕەکە میللییەکان و بەڕێژەی 6%یش نیشتەجێی گەڕەکە مام ناوەندەکانن. بەڕێژەی 32%ی ئەوانەی جۆری لادانیان ماددەی هۆشبەر بووە، بەڕێژەی 16%یان نیشتەجێی گەڕەکە میللیەکان و 10%یان نیشتەجێی گەڕەکە مام ناوەندەکانن و 6%یشیان نیشتەجێی گەڕەکە دەوڵەمەندەکانن. هەروەها بەڕێژەی 8%ی ئەوانەی تاوانی کوشتنیان ئەنجامداوە، بەڕێژەی 6%ی نیشتەجێی گەڕەکی میللین و بەڕێژەی 2%یشی نیشتەجێی گەڕەکی دەوڵەمەندن. هەورەها بەڕێژەی 4%ی ئەوانەی جۆری لادانیان تیرۆر بووە نیشتەجێی گەڕەکە میللییەکانن.

**تەوەری سێیەم/ ئەنجامی شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان جۆری لادان و ئاستی خوێندەواری مێردمنداڵە لادەرەکان**

بەپێی ئەنجامی شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان جۆری لادان و ئاستی خوێندەواری مێردمنداڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لادەرەکان. بەڕێژەی 32%ی مێردمنداڵە لادەرەکان جۆری لادانیان دزیکردن بووە، هەروەها بەڕێژەی 32%یش جۆری لادانیان ماددەی هۆشبەر بووە. ئەم دوو جۆرە لە لادان هەمان ڕێژەیان تۆمارکردووە، کۆی هەردوو ڕێژەکەش دەکاتە 64%. بۆ هەردوو جۆری لادانیش بەرزترین ڕێژەی مێردمنداڵە لادەرەکان بەڕێژەی 28%ی نەخوێندەوارن، ئەمەش دەکرێ بەهۆی نەبوونی چاودێرییەکی باش لەلایەن باوانەوە بەهۆی ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناوخێزان پاڵی بەو مێردمنداڵانەوە نابێت تووشی لادان بووبێتنەوە. بڕوانەخشتەی (10).

خشتەی (10): دابەشکردنی دووبارەی دوانە (crosstab) بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان جۆری لادان بەپێی ئاستی خوێندەواری مێردمنداڵە لادەرەکان ڕووندەکاتەوە

| | | | ئاستی خوێندەواری | | | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نەخوێندەوار | دەخوێنێ و دەنووسێ | بنەڕەتی | ئامادەیی | |
| جۆری لادان | شەڕ | ژمارە | 0 | 0 | 1 | 0 | 1 |
| | | % | 0.0% | 0.0% | 2.0% | 0.0% | 2.0% |
| | سەرپێچی هاتووچۆ | ژمارە | 2 | 0 | 1 | 0 | 3 |
| | | % | 4.0% | 0.0% | 2.0% | 0.0% | 6.0% |
| | دزی | ژمارە | 9 | 3 | 2 | 2 | 16 |
| | | % | 18.0% | 6.0% | 4.0% | 4.0% | 32.0% |
| | تاوانە جنسییەکان | ژمارە | 0 | 3 | 3 | 2 | 8 |
| | | % | 0.0% | 6.0% | 6.0% | 4.0% | 16.0% |
| | ماددەی هۆشبەر | ژمارە | 5 | 4 | 3 | 4 | 16 |
| | | % | 10.0% | 8.0% | 6.0% | 8.0% | 32.0% |
| | کوشتن | ژمارە | 0 | 0 | 3 | 1 | 4 |
| | | % | 0.0% | 0.0% | 6.0% | 2.0% | 8.0% |
| | تیرۆر | ژمارە | 0 | 1 | 1 | 0 | 2 |
| | | % | 0.0% | 2.0% | 2.0% | 0.0% | 4.0% |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | ژمارە | 16 | 11 | 14 | 9 | 50 |
| | % | 32.0% | 22.0% | 28.0% | 18.0% | 100.0% |

لە خشتەی (10)دا دەردەکەوێت ئەوانەی جۆری لادانیان شەڕکردن بووە خوێندەوارییان لە ئاستی بنەڕەتی دایە ڕێژەی 2%ی تۆمارکردووە. بەڕێژەی 6%ی ئەو یەکانەی جۆری لادانیان سەرپێچی ترافیك بووە، بەڕێژەی 4%ی نەخوێندەوارن و بەڕێژەی 2%ی خوێندەوارییان لە ئاستی بنەڕەتي دایە. بەڕێژەی 32%ی کە بەرزترین ڕێژەیە ئەوانەی جۆری لادانیان دزی بووە، بەڕێژەی 18%ی نەخوێندەوارن و 6%ی دوتوانن بخوێننەوە و بنووسن و 4%یان لە ئاستی بنەڕەتیدان و 4% لە ئامادەیین. بەڕێژەی 16% ئەوانەی تاوانە جنسییەکانیان ئەنجامداوە، بەڕێژەی 6%ی دەتوانن بنووسن و بخوێننەوە و بەڕێژەی 6% لە ئاستی بنەڕەتی دان و 4% لە ئاستی ئامادەیین. بەڕێژەی 32%ی ئەوانەی جۆری لادانیان ماددەی هۆشبەر بووە، بەڕێژەی 10%یان نەخوێندەوارن و 8%یان دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن و 6% لە ئاستی بنەڕەتین 8%ی لە ئاستی ئامادەیین. هەروەها بەڕێژەی 8%ی ئەوانەی تاوانی کوشتنیان ئەنجامداوە، بەڕێژەی 6%ی خوێندەوارییان لە ئاستی بنەڕەتی دایە و بەڕێژەی 2% لە ئاستی ئامادەیی دان. هەورەها بەڕێژەی 4%ی ئەوانەی جۆری لادانیان تیرۆر بووە، بەڕێژەی 2%ی دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن و بەڕێژەی 2%ی لە ئاستی بنەڕەتی دان.

**ئەنجامەکانی تایبەت بە شیکردنەوەی تەوەرەکان:**

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پەیوەندی هەرسێ تەوەرەکە، بەپێی ئامانجی سێیەم بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان بەشێك لە زانیارییەکانی تایبەت بە مێردمنداڵە لادەرەکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی خێزانەکانیان بۆ زانینی کاریگەری ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان لەسەر لادانی مێردمنداڵ. دەری دەخات زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان جۆری لادانیان دزیکردن و ماددەی هۆشبەر بووە، هەروەها نیشتەجێی گەڕەکە میللییەکانن و هۆکاری لادانیان دەگەڕێتەوە بۆ هاوڕێی خراپ، لەو ڕێژەیەش بەشی هەرە زۆریان نەخوێندەوارن یان دواکەوتوونە لە خوێندن و کاریانکردووە، هەروەها تێکەڵاوی و پەیوەندیان لەگەڵ هاوڕێی خراپ و نەبوونی چاودێرییەکی باش لەلایەن باوانەوە، ئەو ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (فرماوی و الاخرون)ە کە زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان هۆکاری لادانیان گەڕاندۆتەوە بۆ نەبوونی چاودێری خێزان بەهۆی ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیکان لەناو خێزان تووشی لادان بوونەتەوە. بڕوانەخشتەی (8) و (9) و (10).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## کۆتایی: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

1. زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان تەمەنیان لەنێوان (17-18) ساڵە. مێردمنداڵە لادەرەکان بە پلەی یەکەم نەخوێندەوارن و بە پلەی دووەم لە ئاستی بنەڕەتیدان. زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان پیشەیان کاسبییە و لە خوێندن دابڕاون، ئەمەش دەکرێ هۆکارەکەی ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان بێت بەتایبەتی باوك وەك سەرۆك و بەخێوکەری خێزان.
2. زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان لە خێزانی نیشتەجێی شارەکانن و لە گەڕەکە میللییەکاندا دەژین. بەهۆی ئاڵۆزی ژیان لەناو شارەکان و خراپی بژێوی ژیان لەم جۆرە گەڕەکانە دەژین. ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ لادانی مێردمنداڵان لەڕێگەی پەیوەندیکردنیان بە هاوڕێی خراپ و چاولێکردنیان، لە ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان. هەروەها زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان نیشتەجێی خانووی مولکن، لەگەڵ ئەوەش دا بەڕادەیەکی بەرزیش کە دەکاتە نزیکەی نیوەی مێردمنداڵە لادەرەکان کرێ نشینن، هەروەها بژێوی ژیانی خێزانەکانیان مام ناوەندە.
3. بەرزترین ئاست لە جۆری لادان دزیکردن و ماددەی هۆشبەرە کە لەلایەن مێردمنداڵە لادەرەکان لە بەڕیوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان ئەنجامدراوە. بڕوانە خشتەی (1).
4. ئاستی کۆچکردنی باوك یان باوك و دایکی مێردمنداڵە لادەرەکان وەك شێوەیەك لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان بە ڕێژەی 44%ە کە کۆچیان بۆ دەرەوەی وڵات کردووە. بە ڕێژەی 36%ی باوك یان دایکی مێردمنداڵە لادەرەکان یان هەردووکیان نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە. ئاستی مردنی باوك یان دایك یان هەردووکیان بە ڕێژەی 32%ە. بە ڕێژەی 16% باوکی مێردمنداڵە لادەرەکان بەندکراون. بە ڕێژەی 8%ی مێردمنداڵە لادەرەکان دایك و باوکیان لێك جیابووینەوە وەك شێوەیەك لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان، بە ڕێژەی 28%ی باوکی مێردمنداڵە لادەرەکان ژنێکی تری هێناوە بێ لێك جیابوونەوە ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەشێکی دیکەی مێردمنداڵە لادەرەکان باوك و داکیان بەیەکەوە ئامادەییان نەبووە لەناو خێزاندا، هەم وەکو سەرۆکی خێزان و هەم وەکو سەرپەرشتیار و بەخێوکەر. بڕوانە خشتەی بڕوانە خشتەی (2) و (3) و (4) و (5) و (6).
5. بەرزترین ئاست لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان بەهۆی (کۆچکردن، نەخۆشی درێژخایەن،

مردن، بەندکردن، لێك جیابوونهوه) لەناو خێزانی مێردمنداڵە لادەرەکان، بە پلەی یەکەم بریتییە لە ئامادەنەبوونی باوان بەهۆی کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات. بە پلەی دووەم بریتییە لە ئامادەنەبوونی باوان بەهۆی نەخۆشی درێژخایەن. هەروەها ئامادەنەبوونی باوان بەهۆی مردن بە پلەی سێیەم دێت. بڕوانەی خشتەی (7).

6. زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان جۆری لادانیان دزیکردن و ماددەی هۆشبەر بووە، هەروەها نیشتەجێی گەڕەکە میللییەکانن و هۆکاری لادانیان دەگەڕێتەوە بۆ هاوڕێی خراپ، لەو ڕێژەیەش بەشی هەرە زۆریان نەخوێندەوارن یان دواکەوتوونە لە خوێندن و کاریانکردووە، هەروەها تێکەڵاوی و پەیوەندیان لەگەڵ هاوڕێی خراپ کردووە و بەپێی پێویست چاودێرییەکی باش نەکراون لەلایەن باوانەوە بەهۆی ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێکیان لەناو خێزان ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر لادانی مێردنداڵ. بڕوانەخشتەی (8) و (9) و (10).

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:

### کتێبەکان:


1. سابر بکر بۆکانی. (٢٠٠٢). تاوانبار و سزا (الإصدار دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم). سلێمانی.
2. سەمیرە. (٢٠٠٧). فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی (الإصدار چاپخانەی چوارچرا). (خەسرەو میراودەلی، المترجمون) بێ شوێنی چاپ.
3. برنهارد شێفەر. (٢٠٠٨). بنەماکانی کۆمەڵناسی لاوان (الإصدار چاپخانەی شڤان). بێ شوێن.
4. کەریم شەریف قەرەچەتانی. (١٩٩٩). هەندێک نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی (الإصدار چاپخانەی زانکۆ). هەولێر.
5. مليحة عونی القصير، و صبيع عبدالمنعم أحمد. (٢٠٠٢). سۆسیۆلۆژیای خێزان (الإصدار چاپخانەی داناز). (صابر بکر بوکانی، المترجمون) سلێمانی.
6. مەعن خەلیل. (٢٠٠٧). کۆمەڵناسی خێزان (الإصدار چاپخانەی خانی). (ئارام ئەمین جەلال، المترجمون) دهۆک.
7. مەنوچێهر موحسنی. (٢٠٠٦). دەروازەکانی کۆمەڵناسی (الإصدار چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە). (کۆمەڵێک وەرگێر،چاپی دووەم، المترجمون) هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8. هێرۆ جمیل عبدالواحد. (2008). کۆمەڵناسی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان (الإصدار چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە). هەولێر.
9. ئەنتۆنی گیدنز. (2009). کۆمەڵناسی (الإصدار چاپخانەی ئاراس). (حەسەن ئەحمەد مستەفا، المترجمون) هەولێر.
10. یوسف عوسمان حەمەد. (٢٠٠٤). دەروونزانی ( وتار ، لێکۆڵینەوە ، شیکردنەوە) (الإصدار چاپخانەی سەنتەری نما). هەولێر.

**سەرچاوە عەرەبییەکان (المصادر العربية):**

**کتێبەکان (الكتب):**

11. احسان محمد الحسن. (1991). علم الاجرام - دراسة تحليلية حول التفسير الاجتماعى للجريمة (الإصدار دار الكتب و الوثائق). بغداد.
12. احسان محمد الحسن. (2000). علم الاجرام - دراسة تحليلية حول التفسير الاجتماعى للجريمة (الإصدار دار وائل للنشر). بغداد.
13. أحمد محمد السنهورى، و آخرون. (1991). الخدمة الاجتماعية فى مجال الاسرة (الإصدار دار الحكيم للطباعة و النشر). القاهيرة.
14. أحمد مصطفى خاطر. (2007). الخدمة الاجتماعية - نظرية تأريخية - مناهج الممارسة (الإصدار المكتب الجامعى الحديث). اسكندرية.
15. السيد جعفر الياسين، و سعيد جاسم الاسدى. (1990). السرقة عند الاحداث (الإصدار دار الكتب الوثائق). البصرة.
16. انتوني غيدنز. (2005). علم الاجتماع (مع مدخلات عربية) (الإصدار توزيع مركز دراسات الوحدة العربية). (الدكتور فايز الصياغ، المترجمون) بيروت.
17. بهيجة أحمد شهاب. (1982). المدخل الى الخدمة الاجتماعية (الإصدار دار الكتب للطباعة و النشر). بغداد.
18. حامد عبدالسلام زاهران. (1998). التوجة و الارشاد النفسى. ط3 (الإصدار عالم الكتب للطباعة و النشر). القاهرة.
19. د.محمد سيد فهمى. (2007). التشريعات الاجتماعية (الاسرة و الطفل و المعاقين العمل و الاحداث) (الإصدار دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر). الاسكندرية.
20. محمد حسن. (1977). رعاية الأسرة (الإصدار دار الكتب الجامعية). الاسكندرية.
21. محمد حسن الشناوى، و الاخرون. (2001). التنشئة الاجتماعية للطفل (الإصدار دار صفاء للنشر و التوزيع). عمان.
22. مصطفى فرماوى، و الاخرون. (1999). دراسة تقويمية للخدمات المقدمة فى مجال رعاية الاحداث المنحرفين فى المجتمع القطرى. الدوحة، مركز الوثائق و الدراسات الانسانية ، نقلا عن ( محمد مبارك آل شافى).
23. ماجدة السيد عبيد، و حزامة جودت. (2001). وقفة مع الخدمة الاجتماعية (الإصدار دار صفاء للنشر و التوزيع). عمان.
24. منير المرسى سرحان. (2002). فى أجتماعيات التربية (الإصدار دار النهظة العربية). بيروت.
25. اكرم نشأة ابراهيم. (1988). علم الاجتماع الجنائى. ط2 (الإصدار دار كتب الوثائق). بغداد.

**نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا (رسالة ماجستير و اطروحة دكتورا):**

26. ابتسام عبدالقادر استنبولى. (1995). تأثير المشكلات الاجتماعية و الاقتصادية فى التوازن الاسرى - دراسة ميدانية. سعودية، رسالة ماجستير منشورة، جامعة الملك سعود - سعودية ، كلية الاداب ، قسم الدراسات الاجتماعية.
27. د. سمية حومر الحميد دليمي. (2009-2010). الخريطة الاجتماعية لجنوح الاحداث - دراسة ميدانية بمراكز اعادة تربية الاحداث الجانحين قسنطينة ، عين مليلة ، عنابة ، ورقلة. الجزائر، اطروحة دكتورا منشورة، جامعة منتورى قسنطينة-كلية العلوم الانسانية و العلوم الاجتماعية - قسم علم الاجتماع.
28. د. مصطفى محمود الحوامدة. (1998). جرائم الاحداث :اسبابها و علاقتها ببعض المتغيرات الشخصية و الاسرية للحدث (دراسة ميدانية على احداث الاردن). عمان، رسالة مامجستير منشورة، جامعة جرش.
29. شافى, محمد مبارك أل. (2006). التفكك الاسرى و انحراف الاحداث - دراسة مسحية على الاحداث المنحرفين فى المجتمع القطرى. القطر، رسالة ماجستير منشورة، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية ، كلية دراسات عليا ، قسم العلوم الاجتماعية.
30. صالح حسين العقيدي. (2008م). اثر التفكك الاسري على الجنوح طلاب المدارس الثانوية (دراسة سببية مقارنة على طلاب المدارس الثانوية للبنين بشرق الرياض). الرياض، رسالة مامجستير منشورة، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية: كلية الدراسات العليا ، قسم العلوم الاجتماعية.
31. عمر صابر عمر. (2002). واقع الرعاية الاجتماعية -دراسة ميدانية فى اقلم كوردستان -العراق. اربيل، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاح الدين-اربيل ، كلية الأداب.
32. فاطمة الزهراء حميمد. (2010-2011). شخصية الاحدث الجانح - دراسة الانتروبولوجية. تلمسان - الجزائر، رسالة ماجستير منشورة، جامعة ابي بكر بلقايد ، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية , قسم الثقافة الشعبية.
33. فاروق السعيد جبريل. (1986). اثر غياب الاب و الام على التفكير الابتكاري و الذكاء للأبناء (راسة مقارنة بالأبناء المقيمين مع والديهم). دراسة منشورة. جامعة المنصور. كلية التربية. مجلة العلمية.المجلد 8.العدد1.
34. لرزق سجيدة. (2012-2013). التنشئة الاجتماعية الوالدية و جنوح الاحداث - دراسة منجزة بالمركز المتخصص في اعادة التربية بحاسي دحو ولاية سيدي بلعباس. الجزائر، رسالة ماجستير منشورة، جامعة وهران ، كلية العلوم الاجتماعية، قسم علم النفس و علوم التربية و الارطفونيا.
35. محمد بن يحيى بن حسن النجيمى. (2016). دور الاسرة فى انحراف الأولاد الأسباب و العلاج. بدون مكان، الدراسة منشورة، جلسة الثالثة ، ورقة الثانية.

36. نادية هايل عبدالله العمرو. (2006). التفكك الاسري و علاقته بانحراف الفتيات في الاردن (دراسة مقارنة بين الفتيات المنحرف و غير المنحرف). الكرك، رسالة مامجستير منشورة، جامعة مؤتة: عمادة الدراسات العليا.

# The Absence of Parents and the Effect on Juvenile Delinquency

## (Field study in the directorate of weapons women and children in the city of Erbil)

**Assistant lecture: Kameran Jewher Abdullah**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil-Iraq
Kameran.abdullah@su.edu.krd

***Keywords**: Absence – Parents – Family – Juvenile - Delinquency*

**Abstract:**

The aim of the study is the effect of the absence of parents or one of them within the family due to (death, emigration, chronic illness, imprisonment, separation (divorce)) on juvenile delinquency. The researcher used the social survey approach and the comparative approach, and the study community is the Directorate of Women and Children's Reform in the city of Erbil. The researcher used the questionnaire on the interview method to collect data and for presenting and analyzing data of this research and tools statistical such as (mean, standard deviation and Crosstab) all of them used, do used information statistics in social science (SPSS).

The study yielded the following results: the immigration of the father or parents of young people who are acquainted, such as a form of absence of parents at 44%, followed by chronic illness by 36%, death by 32%, imprisonment by 16%, and the rate of separation (divorce) between parents for uninformed juveniles is 8%. And the highest level of the forms of absence of parents is immigration to the outside ranked

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

first, chronic disease ranked second, and death ranked third. The majority of juveniles who are defined according to the type of their deviations are theft and drugs, and the reason for their deviations is due to bad friends, and a majority of those who are known are illiteracy and drop out of school because of work and earning, and the formation of bad relationships and lack of care by the parents due to the absence of parents or one of them inside Family delinquency influence juveniles.

## الغياب الابوين تأثيرعلى جنوج الاحداث

### (الدراسة ميدانية في المديرية الاسلاح النساء و الاطفال في المدينة اربيل)

**ملخص:**

تهدف الدراسة الى بيان غياب الابوين او أحداهما عن الاسرة وذلك بسبب (الموت, الهجرة, المرض المزمن, السجن, الانفصال (الطلاق)) واثره على الانحراف الاحداث و يمكن تلخيص الاهداف الي معرفة مستوي لكل شكل من اشكال غياب الابوين او احداهما عن الاسرة, ومعرفة مدي غياب الوالدين أو احداهما عن الاسرة وعلاقته بإنحراف الاحداث وتحليل علاقة انحراف الاحداث بحالة الاجتماعية للعائلة. استخدم الباحث منهج المسح الاجتماعي و منهج المقارنة, وان ادات جمع البيانات هي استمارة الاستبيان عن طريقة المقابلة لجمع البيانات و استخدم النسبة المئوية و الوسيط و جدول التوزيع التكرار المزدوج. تشمل مجتمع الدراسة مديرية اصلاح النساء و الاطفال في مدينة اربيل، توصلت الدراسة مجموعة من النتائج التالية، ان للهجرة الاب او الوالدين وعلاقتها بالاحداث المنحرفين كشكل من الاشكال غياب الابوين، تأتي بدرجة اولى من بين الاجابات وهي بنسبة 44% ويليها المرض المزمن بنسبة 36% و الموت بنسبة 32% و السجن 16% و نسبة الانفصال (الاطلاق) بين الابوين للاحداث المنحرفين هي 8%. وان اعلى المستوى من الاشكال غياب الابوين هي الهجرة الى خارج بالمرتبة الاولى و المرض المزمن بالمرتبة الثانية و الموت بالمرتبة الثالث. وان المرتبة العالية او الاعلى بين الاحداث المنحرفين حسب نوع انحرافاتهم هي السرقة و المخدرات, و يرجع سبب الانحرافاتهم الي جماعة رفاق و علاقة مع الاصدقائ الذى دفعتهم للاحداث, وان نسبة عالية منهم أمية و تاركين المدرسة بسبب العمل و الكسب, وايضا حرمانهم من وجود رعاية تامة او كافية من قبل الابوين بسبب غياب الابوين او احداهما عن الاسرة قد اثرت في دفعهم الى الانحراف .